# گرنگی و لایەنی مۆڕاڵی موزیک لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتییدا و کۆمەڵگای کوردی بەشێوەیەکی تایبەت

**بەختیار حسەین ڕەشید**
**بەشی موزیک - کۆلێژی هونەرە جوانەکان - زانکۆی سلێمانی**
**ژمارە و بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی: ٢٧ /٨٦/٩ لە ٢٠١٩/٤/٢٨**

**پێشەکی**

ژیان بەبێ موزیک وەک سروشت وایە بەبێ باڵندەکان. بیهێنەرە پێش چاوی خۆت گەر بە دارستانێکدا گوزەر بکەیت و لەپڕ باڵندەکان بێدەنگ بن. گەر باڵندەکان تا ئەو ئاستە گرنگ بن لە جوانکردن و ڕازاندنەوەی سروشتدا، ئەوکاتیش موزیک لە ڕازاندنەوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا گرنگی لەوان کەمتر نییە. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا موزیک بەهەموو جۆرەکانییەوە بۆ هەر تاکێک لە سەرتاسەری کۆمەڵگادا شتێکی بەردەستە. گرنگ نییە لەهەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا دەژیت، موزیک شتێکی جیانەکراوە و گرێدراوە بە ژیانی تۆوە وەک مرۆڤ و سەرباری ئەمەش موزیک ڕۆڵێکی کاریگەر وبەرچاو لەژیانی زۆرێک لە مرۆڤەکاندا دەبینێت. وەک دەگوترێت موزیک لەمپەڕ تا ئەوپەڕی دونیا، مانا سۆزداری و ئیستاتیکییەکان دەگوێزێتەوە و ئەمەش یەکسەر ئەو پرسیارە گرنگەمان لا دەوروژێنێت کە بۆچی ئێمە موزیک بەو شێوە بەهادار و گرنگە چاولێدەکەین؟ ئەو تێڕوانینەی کە پێیوایە موزیک بەشێوەیەکی قووڵ کاریگەر و سروش بەخشە بۆ گوێگرەکانی داهێنراوی لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکان نییە بەڵکو لەسەردەمە زۆر کۆنەکانەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان فەیلەسوفەکان هەڵسوکەوتییان لەگەڵ گرنگی موزیک لە کۆمەڵگادا کردووە و ڕۆڵی ئەویان لە نەخشاندنی کاراکتەر و مۆڕاڵی مرۆڤدا دیاریکرووە و سەباری ئەمەش شتێکی گەوهەرییە کە لەنێو تێڕوانینی زۆرێک لە فەلەسوفەکاندا موزیک توانایەکی بەرچاو و ڕونی هەیە لە دەربڕینی هەست و سوزە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤدا. سەرباری ئەو ژیانە جەنجاڵ و شڵۆقەی کە ئێستا تیایدا دەژین، گرنگی و پێویستی موزیک وەک هونەرێکی زیندوو چەندبارە بۆتەوە. بەشێوەیەکی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە دەستوپەنجە لەگەڵ تێڕوانییە هەرە گرنگەکان سەبارەت بە موزیک، بەتایبەتر تێڕوانینی فەلسەفیدا نەرم دەکات، ئەو تێڕوانینەی کە کاریگەری موزیک لەسەر هەست و سۆزەکان و مۆڕاڵی مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی و لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا بەشێوەیەکی تایبەتتر دەردەخات. وەک توێژەرێک لە گۆشە نیگایەکی فەلسەفی، سۆسیۆلۆجی و سایکۆلۆجییەوە تاووتوێی بابەتەکان دەکەم و هەوڵ دەدەم هەموو ئەو لێکدانەوە گرنگانەی سەبارەت بە موزیک کراون لێرەدا بە کورتی بخەمەڕوو. سەرباری ئەمەش لە درێژەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵ دەدەم کە وەڵامی پرسیارگەلێکی گرنگ کە زۆرێک لە ئێمە پێوەی دەرگیرین بدەمەوە وەک: بۆچی ئێمە کاری موزیک دەکەین؟ بۆچی هەموو کەڵتورێک بە درێژایی مێژوو شتێکییان هەیە کە ڕۆڵی موزیک دەبینێت؟ بۆچی موزیک کاریگەرییەکی هێندە زۆری لەسەر ئێمە هەیە؟ بە چ شێوازێک موزیک کاراکتەرمان شکڵ پێدەدات؟ موزیک چ پەیوەندییەکی بە مۆڕاڵەوە هەیە؟ پەیوەندی لە نێوان

موزیـک و چێـژدا چیـیە؟ دواجـا لە پەیوەندیـدا بە کـۆی ئەو شـتانەی کە گـوتراون سـەبارەت بەم هـونەرە نـاوازەیە، هەوڵدەدەم کە وەڵامەکان گرێبدەمەوە بۆ نیشاندانی کاریگەری موزیـک لەڕوی سـۆزداری و ئـایینی مـۆڕاڵییەوە لەسـەر کۆمەڵگای کوردی.

**پێشینەیەکی مێژوویی/**

**ئایا لە مێژوودا کەڵتورێک بە بێ موزیک بوونی هەبووە؟**

موزیک وەک هونەرێکی باڵا ڕۆڵێکـی گرنـگ لە ژیـانی ڕۆژانەمانـدا دەگێڕێـت و ئەوە کـارێکی ئەسـتەمە کە بتـوانین جیهانێـک یـان کۆمەڵگـایەک بەبـێ موزیـک بەدی بکەیـن. "لە جیهـانی تەمـومژاوی ڕابوردومانـدا، پـێش یەکەمـین شارستانییەت، پێش دروست بوونی گوندە کشتوکاڵییەکان، لەڕاستییدا پێش تۆمارکردنی خودی کاتیش سەرەتای ئەو شتەی کە پێیدەگوترێت موزیک، بوونی هەبووە"[1] . گەر چاوێـک بە کۆمەڵگـا سـەرەتاییەکاند بخشـێنین دەتـوانین ئەوە ببینین کە مرۆڤەکان ژیانێکی زۆر سادە و ساکارییان هەبووە، مرۆڤەکان لە ئەشکەوتەکاند ژیـاون و جلوبەرگەکانییـان لە پێسـت و خـوری گیانەوەرەکـان دروسـت کـردووە، بـۆ پێداویسـتییە سـەرەتاییەکانی ڕۆژانەیـان زۆرێـک لە پێکهاتەکانییان لە دارو بەرد دروس کردووە، کە لەگەڵ کـۆی هەمـوو ئەو شـێوازە سـادەیەی ژیانیانـدا بەهـیچ جۆرێـک نەیانتوانیوە بە بێ موزیک و سەما هەڵبکەن. ئەوە جێگەی گوومانە کە ئێمە زانیـاری ئەوەمـان هەبێـت کەی و لەژێـر چ بارودۆخێکدا یەکەم دەنگی موزیکی هاتبێتە بوون، بەڵام ئەوە شتێکی ڕوونە کە بۆ یەکەمجـار موزیـک لەگەڵ ڕەگەزی مرۆییـدا سـەریهەڵداوە. بەڵام بەپێـی ئەفسـانەکان موزیـک لە ڕێـگەی هێزێکـی بـان سروشـتییەوە بە ئـێمەی مـرۆڤ گەیشتووە. یەکێک لە ڕێگە هەرە گرنگەکانی ئـاڵوگۆڕکردنی ئایـدیا و هەسـت و سـۆزەکان لە نێـو گروپێکـدا، مـوزیکە و لەبەر ئەم هۆکارەش لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا موزیک لە نزیککردنەوە پێکەوە گرێدانی ئەندامانی گروپێکدا ڕۆڵێکـی گرنگ و بەرچاوی هەبووە. بە نموونە لە کۆمەڵگا بەراییەکاندا سروت و بۆنە تایبەتەکان ئەو چالاکییە گرنگانە بـوون کە بەبێ ئەوان هـیچ مانـایەک بـۆ مانەوەیـان بـوونی نەبـووە و شـایانی ئـاماژە پێکـردنە کە لە زۆربەی بۆنەکانـدا موزیـک ئامادەیی هەبووە و ڕۆڵێکی بەرچـاوی تیایانـدا گێـڕاوە. بە نمـوونە لە کـۆکردنەوەی بەروبومەکانـدا، بە خـاک سـپاردنی تەرمی مردووەکاندا، هاوسەرگیری، لەدایک بـوون، ڕاوکـردن، نـوێژکردن، پەرسـتن و جەنگەکـان و...هتـد دا جۆرێـک لە موزیکی تایبەتییان بەکارهێناوە کە گوزارشتی لە ڕوحی پێکەوەیی کردووە. لە پەیوەندی هونەر بەشـێوەیەکی گشـتی و موزیکیش بە شێوەیەکی تایبەتتر بە ئایینەوە سۆسیۆلۆگ ماکس ڤێبەر (Max Weber) پێ لەسـەر ئەوە دادەگرێـت کە " لە سەرەتادا موزیک و ئـایین نزیکـایەتییەکی تەواویـان لەگەڵ یەکدیـدا هەبـووە و ئـایین بەشـێوەیەکی ناکۆتـا لە دەربـڕینە هونەرییەکانـدا بەشـێوەیەکی بەرچـاو لە بـت و پەیـکەر و ئـایکۆنە جۆراوجۆرەکانـدا بەدیـدەکرا و بـوونی موزیکیش وەک ڕێگەیەک بۆ وروژاندنی حاڵیهاتن و نوشتە و پاڕانەوەی چالاکی کەڵتێک (ڕێوڕەچە) وابوو"[2]

هەروەک ئـایین هـیچ یەکێـک لەو چـالاکییە کۆمەڵایەتییـانەی دیـکەی ئاماژەمـان پێکـردن بە بـێ موزیـک بەڕێـوە نەچوون. موزیکۆلێجیسـت ئەنتـۆنی سـیگەر (Anthony Seegar) کە پسـپۆڕییەکەی لە بـواری مـوزیکی هینـدییەکانی سـویادا (Suya) لە ناوەڕسـتی بەڕازیلـدایە، ڕونیـدەکاتەوە کە " لەو کۆمەڵگـایەدا موزیـک ڕۆڵێکـی زۆر گرنگـی هەیە لەبەرئەوەی یەکـێکە لە ڕێگەکـانی بونیـادی ئەو کۆمەڵگـایەدا. موزیـک ڕێـگەیەکە بـۆ دروسـکردنی پەیوەنـدی لەنێـو

1 McClellan Randal, 1991: P. 1
2 Germy Tanner, 2003: P. 48

تاکەکانی کۆمەڵگادا و لە ڕێگەی موزیکەوە وەک ڕێگەیەکی کۆنکریتی (زۆرگرنگ) کە پەیوەندی بە مرۆڤەکانە وە هەبێت، زۆرێک لە خەسڵەتەکانی کۆمەڵگاکەیان دەردەخەن"[1]



-ـ موزیکژەنێکی سویا –

موزیک لەو کۆمەڵگایەدا چالاکییەکی بەردەوامی ڕۆژانەیە، لە بەرەبەیاندا جۆرێک لە گۆرانی دوبارە دەکەنەوە و لە ئێوارانیشدا جۆرێکی دیکە. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە لەم کۆمەڵگایەدا بە پێی گۆڕینی کاتەکان لە شەو و ڕۆژدا شێوازی موزیکەکەش دەگۆڕێت. "ئەتیوپییەکان باس لە سەردەمانێک دەکەن کە یەکەمین مرۆڤ تەنها توانیویەتی کە گۆرانی بڵێت بەڵام دواجار میلۆدییەکەی لەبیرچۆتەوە و ناچاربووە کە جارێکی دیکە بۆ گوتنی ووشەکان بگەڕێتەوە"[2] لە سەرەتادا مرۆڤەکان نەیانتوانیوە بە زمانێک قسەبکەن وەک ئەوەی ئێمە ئێستا دەیکەین، لەجیاتی ئەوە وەک هەموو بونەوەرەکانی دیکەی نێو سروشت تەنها هەندێک دەنگی دیاریکراوییان بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەوانی دی بەکاردەهێنا. ئەو دەنگانەی کە بەکارییان دەهێنان بەشێوەیەک لە شێوەکان لە خوێندنی باڵندە و گیانەوەرەکانی دیکە دەچوون، بە گوێرەی ئەمەش دەکرێت گریمانەی ئەوە بکەین کە گۆرانی گوتن تاکە ڕێگەیەکی دروستکردنی پەیوەندییەکان بووە. هێنری جۆرج کاتیک لێکۆڵینەوە لەسەر خەڵکی ئێوی (Ewe) کە گروپێکی ئەتنیکی ئەفەریقین دەکات زۆر لەمەش زیاتر دەچێت و دەڵێت " لە زمانی ئیویدا ووشە لەهەمان کاتدا مانای "گۆرانی" و "چنین" دەگرێتەوە"[3]. یەکێک لە خەسڵەتە گرنگەکانی زمانە ئەفەریقییەکان تۆنەکانە و لە ڕێگەی گۆڕینی تۆنەکانەوە بۆ هەمان ووشە، مانای ووشەکە بە تەواوەتی دەگۆڕێت کە ئەمەش لەڕێگەی بەرزکردنەوە یان نزمکردنەوەی ئەو تۆنەوە کە بۆ هەمان ووشە بەکاردێت، ڕوودەدات. ئەم خەسڵەتە موزیکییەی کە لەم زمانەدا بوونی هەیە جێگەی سەرنجی زۆرێک لە توێژەرانی بواری موزیک بووە سەبارەت بە موزیکی ترادیشناڵی ئەفەریقی و لەهەمان کاتدا ئەوەشمان نیشان دەدات کە هەروەک چۆن مرۆڤەکان ڕۆژانە قسە دەکەن، ئاوهاش ڕۆژانە خەریکی کاری موزیک دەبن. ئەو ئامێرە سەرەکییەی کە لەهەموو ئەم کۆمەڵگا دیاریکراوانەدا بەکارهاتوون تەنها دەنگ و شەقشەقە بوون کە لە جۆرێک داری تایبەت دروستکرابوون. هەرچەندە لە زۆرێک لەم کۆمەڵگا ئەفەریقییانەدا قوتابخانەی تایبەت بە فێرکردنی موزیک بوونییان نییە، باوکان و دایکان منداڵەکانییان هەر لەسەرەتای تەمەنییانەوە فێری ئەوە دەکەن کە چۆن گۆرانی بڵێن و چاوەڕوانی ئەوەشیان لێدەکەن کە لە زۆربەی بۆنەکاندا بەشداری بکەن. لە زۆربەی دۆخەکاندا لە

1 (https://www.youtube.com/watch?v=rQCE4DofORw)
2 Blair, Lawrence, 1976: P. 116
3 Schneider, Marius, 1957: P. 43

هەموو کۆبونەوە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەم بۆنانە لە ڕێگەی گۆرانی گوتن وسەماوە جێبەجێدەکرێن. لەجیاتی قوتابخانەی تایبەت بە فێرکردنی موزیک، کۆمەڵێک کەسی پسپۆر لە بواری موزیکدا بونییان هەیە کە توانایەکی لەڕادەبەدەریان بۆ لەبەرکردن دەنگی زۆربەی گیانەوەران و ماسییەکان و هەر بونەوەرێکی دیکەی نێو سروشت هەیە و ئەم گۆرانییانە فێردەبن و بەوانی دیکەیان دەڵێنەوە. لێرەدا ئەوە دەبینین کە موزیک لە ڕێگەی لاساییکردنەوەی هەموو ئەو شتانەی کە لە ژینگەکەیاندا بوونی هەیە فێر دەبن. هەروەک کۆمەڵگەی هیندیەکانی سویا (Suya)، موزیک لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا لە سەرتاسەری جیهاندا بەهێندەی ئاو، خۆراک و شوێنی نیشەجێبونییان گرنگ بووە. لەمەوە دەکرێت بڵێین کاتێک کە بۆ یەکەمجار مرۆڤ چاوی بەم دونیایە هەڵهێنا، موزیک هەمیشە وەک پاڵپشت و هاوڕێیەکی گیانی بە گیانی ئەو بووە و هەمیشە موزیک بۆ پێکەوە گرێدانی تاکەکانی نێو گروپە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارێکی زیندوو بووە. لەبەرئەوەی موزیک بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ زانییارییە هەستییەکان بۆ تاکەکان دەگوێزێتەوە، ئەمە بۆتە هۆکارێکی گرنگ بۆ پێکەوە گرێدانییان لە بۆتەیەکی بەهێزدا بۆ بەرەنگاربونەوەی بەربەستەکانی بەردەم ڕێگەیان. لەلایەکەوە زۆرێک لە سەما و گۆرانییە جۆراوجۆرەکان لە چالاکییە ڕۆژانەییەکانییانەوە سەرچاوەی گرتووە و لە لایەکی دیکەشەوە موزیک کاریگەرییەکی گرنگی لەسەر خودی هەمان ئەو چالاکییانە هەبووە. شتێکی زۆر گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە موزیک لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا ڕۆڵێکی بەرچاوی لە مانەوەیاندا هەبووە لەبەرئەوەی هەرکاتێک گروپێک یان کەڵتێک لە بەردەم هەر جۆرە مەترسییەکدا بووبێتن بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەوانی دیکە تەنها دەنگیان بەکارهێناوە. هەندێک جار ئەم هۆزە سەرەتاییانە لەو باوەڕەدا بوون کە هاوار کردن و چەپڵە لێدان و لەخۆدان بە کۆمەڵ هێزێکی ئەفسوناوی بەرامبەر بە سروشت دەخولقێنێت. هەربۆیە کاتێک ویستویانە کە باران ببارێت یان گژوگیا بڕوێت یان هەر گرفتێکی دیکە کە ڕۆژانە یەخەی پێدەگرتن، ناچار بوون لەم جۆرە چالاکییە بە کۆمەڵانە ئەنجام بدەن. سەرباری ئەمەش موزیک و سەما کە بەشێکی گرنگە لە دونیای موزیکدا وەک دەستنیشانکەری باری جێگریی سەقامگیریی گروپێک ڕۆڵی خۆی بینیوە. هەندێک لە موزیکەکان خزمەتییان بە کۆبونەوە گەورەکان کردووە و هەندێکی دیکەشیان خزمەتیان بە کۆبونەوە بچوکەکان کردووە. ڕیتم و دەنگی موزیک بە پێی پێداویستییەکانی ئەو چرکەساتەی کە مرۆڤەکانی تێدابوون گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە هەریەک لەو چرکە ساتانە جۆرێک لە موزیکی تایبەت بەخۆی هەبووە کە پەیوەندی بە دۆخێکی دیاریکراوی هەڵسوکەوت و ژیانییانەوە هەبووە.

زۆرێک لە بۆچونەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە موزیک تەنها پەیوەندی بە مرۆڤەکانەوە هەیە لەبەرئەوەی مرۆڤ خاوەنی ژێکانی دەنگییەتی کە ڕێگایەکن بۆ بەرهەمهێنانی گۆرانی، جەستەی کە ئامێرێکە بۆ بەرهەمهێنانی ڕیتمەکان و دواجاریش خاوەنی مێشکێکە کە توانایەکی تایبەتی هەیە بۆ خەیاڵدان و هەستپێکردن و تێگەیشتن لە دەنگە جۆراوجۆرەکان. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لە بەراوردکردن بە بونەوەرەکانی دیکەوە هەروەک لە ئاینەکاندا هاتووە، خودا مرۆڤی بە باشترین شێوە خولقاندووە. بە مانایەکی دیکە ئەوە تەنها مرۆڤە کە خاوەنی ئەم توانا ناوازە و مانادارەیە. "لە سەرەتادا تەنها دەنگ بوونی هەبووە" ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت پێش ئەوەی مرۆڤەکان هەوڵی قسەکردن بە زمانێک بدەن، بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ هاوەڵەکانیدا جۆرێک لە دەنگی تایبەتییان چڕیوە. "دەگوترێت کە موزیک زمانی هەستەکانە؛ ئەمە میتافۆر نییە لەبەرئەوەی هەروەک زمان، ئامانجی موزیک گواستنەوەی ماناکانە"[1]. لەم دوو دێڕەدا جۆزێف ماکلیس دەیەوێت پێمان بڵێت کە موزیک و زمان زۆر خاڵی هاوبەش

1 Machlis. Joseph, 1963: P. 5

و لەیەکچویان پێکەوە هەیە و هەروەک زمان، موزیک کۆمەڵێک پێکهاتەی گوزارشت کردن لەهەست و مانای لەخۆ گرتووە لەوانە: هێڵی پێکەوە گرێدان، جوڵە، دەربڕین، خاڵبەندی و زۆرێکی دیکە لەو پێکهاتانەی کە لەنێو خودی زماندا بونییان هەیە و هەموو ئەم پیکهاتانەش لە نێو موزیکدا ڕێگەیەکن بۆ گواستنەوەی ئایدیاکان، بیرۆکەکان و هەستە جۆراوجۆرەکان. لەمەش زیاتر گەر چاوێک بە پێکهاتەکانی موزیکدا بخشێنین، دەبینین هەموو جۆرە موزیکەکان، ڕۆژهەڵاتی یان ڕۆژئاوایی بن بە هەموو ژانراکانییانەوە، لە ڕستە و دەستەواژەکان و پشووەکان پێکهاتوون. ڕستەکان - کە لە دونیای موزیکدا میلۆدییەکان لەخۆدەگرن- وەک هەمان ئەو ڕستانەن کە لە زماندا هەن. هەموو کەیدێنسەکان (Cadences)- کە بریتین لە تۆنەکانی کۆتایی هەر ڕستەیەک یان دەستەواژەیەکی موزیک- لە دونیای موزیکدا لە کۆتایی هەرمیلۆدییەکدا، وێنای جۆرێک لە وەستان یان کۆتایی دەکەن کە ئەمەش لە زماندا بە هێمای خاڵ دەستنیشان کراوە. زمان وەک جۆرێکی تایبەت لە موزیک چاویلێکراوە بەڵام لەڕووی مێژووییەوە دەگوترێت کە موزیک پێش زمان سەریهەڵداوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە سەرەتاوە مرۆڤ بە زمانێکی دیاریکراو قسەی نەکردووە یان تەنانەت نەیتوانییوە یەک ووشەش بە دروستی بڵێت. لیۆنارد بێرنێشتاین کە موزیک دانەر، نوسەر، مایسترۆ، مامۆستای موزیک و پیانۆژەنێکی لێهاتووی ئەمەریکییە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە " موزیک لە ڕوانگەی تیۆری پەرەسەندن و گەشەکردنەوە لەپێش زماندا بوونی هەبووە و هەر ئەمیش بنچینە و ڕێگەخۆشکەربووە بۆ فێربوونی زمان"[1]

دەیڤید تەیم (David Tame) موزیکۆلۆجیست، بەهەمان شێوە جەخت لەوە دەکاتەوە کە " موزیک زۆر لە زمان واوەتر دەچێت و موزیک زمانی زمانەکانە. دەکرێت بڵێین لە نێو هەموو هونەرەکاندا هیچ هونەرێک نییە هێندەی موزیک ئاگایی و هۆشیاری مرۆڤ بجولێنێت و گۆڕانی بەسەردا بهێنێت"[2] هەروەک چۆن ڕەنگەکان لە نێو دونیای هونەری شێوەکاریدا ڕۆڵێکی باڵا دەگێڕن، موزیکیش بە بێ بوونی تۆنەکان ناکرێت بوونی هەبێت. میلۆدی و ڕیتمەکان وەک پێکهاتە سەرەکییەکانی جیهانی موزیک تەنها دەنگ وتۆنەکانن و بەشێوەی جۆراوجۆر ڕیزبەندی کراون. ئەوە شتێکی سەرسوڕهێنەرە کە لە گەردووندا هەموو شتێک جۆرە دەنگێکی تایبەت دروست دەکات هەروەک فەیلەسوفی یۆنانی فیساگۆراس دەڵێت " هەسارە و ئەستێرەکان بەهەر قەبارەیەک بن، جۆرێک لە چینە دەنگییەکان بەرهەم دەهێنن، کە هەموویان پێکەوە موزیکێکی گەورەی گەردوونی نەبیستراو دەخولقێنن"[3]

لە پەیوەندیدا بەوەی کە فیساگۆراس دەیڵێت گەر ئەستێرەکان جۆرێک لە دەنگ بەرهەم بهێنن، ئەوکات هەموو شتەکانی دیکەی نێو سروشت کە چواردەوری ئێمەیانداوە دەکرێت جۆر دەنگێک بخولقێنن. هەموو دیاردە سروشتییەکانی وەک باران، هەورەبروسکە، با، شەماڵ، بورکانەکان، گێژەڵوکەکان و لافاوەکان و ....هتد جۆرێک لە دەنگی دیاریکراو دەخولقێنن. لەبەرئەوەی ئێمە لە نێو دڵی ئەم دیاردانەدا دەژین، بێگومان لەژێر کاریگەری دەنگەکانی ئەواندا دەبین. مرۆڤە سەرەتاییەکان زۆرجار هەوڵیانداوە کە لاسایی ئەم دەنگە جۆراوجۆرانەی نێو سروشت بکەنەوە و کە ئەمەش یەکێکە لە گریمانەی تیۆرییەکانی سەرهەڵدانی موزیک. هەریەک لەم دەنگە سروشتییانە جا گەر دەنگی گیانەوەر و باڵندە جۆراوجۆرەکان بن، یان دەنگی ئەو دیاردە سروشتیانەی ئاماژەمان پێکردن، کاریگەری ئەرێنی یان نەرێنی لەسەر هەر تاکێک و گروپێک دەبێت. لە سەرەتاوە مرۆڤەکان هەوڵییانداوە لە ڕێگەی دەنگی خۆیانەوە

1 https://www.youtube.com/watch?v=FcYSwUmM9XM .
2 David Tame, 1984: P.15
3 Begbie Jeremy, 2007: P.79

(دەنگەژێکانییەوە) لاسایی دەنگە جۆراوجۆرەکان بکەنەوە لەبەرئەوەی ئەوکات هیچ ئـامێرێکی دیـکەی نەبـووە. بەڵام بەرە بەرە لە ڕێـگەی ئەزموونەکـانییەوە فێربـووە کە چـۆن ئـامێرە سـەرەتاییە ڕیتمـی و موزیکییەکـان لە دار و قـوڕ و ئێسقانی گیانەوەر و باڵندەکان دروست بکات. بۆ نموونە داری کلۆر و پێستی ئاژەڵییان بەکارهێناوە بۆ دروسـت کردنـی تەپڵ و دەهوڵ و ئامێرە ڕیتمییەکانی دیکە. هەروەها توانیویانە لە ئێسقانی بۆش و شاخی ئـاژەڵ و قـامیش هەنـدێک ئامێری وەک فلوت وشمشاڵ دروست بکەن. " یەکەمین بەڵگەی چالاکی موزیک و ئـامێری موزیـک کە لەبەر دەسـتماندا بێـت ئـامێرێکی هەوایـیە کە لە قـوڕ دروسـت کـراوە و پێـنج کـونی تێـدایە و نیشـاندانی سـەرهەڵدانی مـوزیکە کە مێژووەکەی بۆ نزیکەی ١٠٠٠٠ ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە و سەرهەڵدانی ئێمەش وەک بـونەوەری مـرۆڤ لانـیکەم بـۆ ١٠٠٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە "[10] . نوێترین دۆزراوەکان لە لایەن موزیکۆلۆجیستەکانەوە کۆنترین ئامێری فلوتە کە لە ئێسـقان دروسـتکراوە و مێـژووەکەی بـۆ ٤٠٠٠٠ سـاڵ لەمەوبەر دەگەڕێـتەوە و لەم سـاڵانەی ڕابـووردودا لە ئەڵمانیـا دۆزراوەتەوە.



- فلوتێک لە ئێسقانی باڵندە ٤٠٠٠٠ساڵ لەمەوبەر

شوێنەوارناس وولف هاین کە یەکێک بـووە لە هەڵکۆڵەران (Excavation) لە ئەشـکەوتێکدا لە باشـوری خۆرئـاوای ئەڵمانیا کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەستەڵەک، ئەم جـۆرە فلـوتەی دۆزیـوەتەوە. لێکۆڵینەوەکـان ئەوەیـان دەرخستووە کە مرۆڤەکان لەم ئەشکەوتەدا سی تا چل هەزارساڵ لەمەوبەر ژیـاون. ئەوەی جـێگەی سەرسـوڕمانە ئەم فلوتە پێنج کونی تێدایە و سیستەمی ڕێکخستنی دەنگەکانی پێنتاتۆنیکە (ئەو جۆرەیە لە پەیژەی موزیک کە لە تەنهـا پێنج دەنگ پێکهاتووە و لە لەرینەوەی دەنگەکانی نێو سروشتەوە وەرگیراون و دەکرێـت تـا ئێسـتاش ئە جـۆرە پەیـژە موزیکییە لە موزیکی چینی یان هەندێک جۆری موزیکی جازدا بەدی بکەین) و لە ڕاستیدا هەمان ئەو تۆنـاڵێتییەیە کە ئەمرۆ گوێمان لێدەبێت. مرۆڤەکان بە دروست کردنی کونەکان لە سەر ئەم ئامێرانە توانیویانە دەنگە جۆراو جۆرەکـان بدۆزنەوە، ئەو دەنگانەی کە دەکرێت ئاوازێک پێکبهێنن. ئەم فلوتە بە یەکێک لە کـۆنترین ئامێرەکـانی موزیـک لەمـرۆدا دادەنرێت و بەڵگەیەکی بەنـرخە بـۆ مـوزیکی پـێش مێـژوو. بـوونی ئەم ئـامێرە لەو سـەردەمەدا ئەوە نیشـاندەدات کە گەشەکردنی تراديشنی موزیک لە سەردەمە هەرە کۆنەکانی بوونی مرۆڤی مۆدێرندا لە ئەوروپادا بـوونی هەبـووە. لەم بەڵگانەوە دەکرێت ئەوە ببینین کە دەکرێت موزیک ڕۆڵێکی کاریگەری لە پاراستن و بەردەوام بوونی تـۆڕێکی گەورەی

10 Henry George Farmer, 1957: P.231

کۆمەڵایەتییدا هەبوبێت. مێشکی مرۆڤی مۆدێرن نزیکەی ٥٠٠٠٠ تا ١٠٠٠٠٠ساڵێک دەبێت هاتۆتەبوون و بەڵگە شوێنەوارناسییەکان نیشانماندەدەن کە وێنەی نێو ئەشکەوتەکان، پەیکەرەکان و پێداویستییەکانی جەنگ دەکرێت مێژووەکەیان بۆ تەنها ٧٠٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر بگەڕێنەوە. لە نێوان ٣٠٠٠٠ بۆ ٦٠٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر مرۆڤی سەردەمی کۆن جۆرێک لە سەرهەڵدان و بوژاندنەوەی کولتوری بەخۆیەوە بینیوە کە تیایدا دەستیان کردووە بە کاری هونەری لە فۆرمی وێنەی سەر دیواری ئەشکەوتەکان و ئەوجوانکارییانەی کە لەسەر جەستەیان بەکارییان هێناوە (خشڵ و ملوانکە و شتی دیکە)و دواجاریش مردووەکانییان لەڕێگەی بۆنەکانەوە بەخاک سپاردووە. گەر وایدابنێین ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە هەڵگری مەبەستێک بوون لە نێو خۆیاندا، کەواتە موزیک بەوشێوەیەی کە ئێستا بوونی هەیە دەبێت لانیکەم لەو سەردەمەدا سەری هەڵدابێت. بۆ بیرکردنەوە لەوەی کە گۆرانی گووتن دەکرێت پێش داهێنانی ئامێرە موزیکییەکان بوونی هەبووبێت، شتێکی سەیر نییە. ئەم بەڵگە شوێنەوارناسییانە پاڵپشتێکی بەهێزن بۆ ئەو ئایدیایەی کە بوونی کاری هونەری، داهێنان و موزیک بەشێک بووە لە ژیانی باوانی پێشووی ئێمە کە لێیەوە مێشکی مرۆڤی مۆدێرن گەشەی کردووە. لەبەرئەوەی مرۆڤەکان لەبۆشاییدا ناژین و ئەرەستۆ گوتەنی مرۆڤ بە سروشتی خۆی بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، ئەو لە نێو گروپ و جڤاتدا دەژی و لەڕووی مێژوییەوە ئێمە هیچ بەڵگەیەکی وامان لەبەردەستدا نییە کە پێمان بڵێت مرۆڤ خۆی بە تەنها دور لە هاوەڵەکانی مرۆڤی وەک خۆی ژیابێت. لەبەرئەوەی جڤاتێک هەیە کە مرۆڤەکان تیایدا دەژین، کەواتە بونەوەری مرۆڤ لەنێویدا ناچارە بە دروستکردنی پەیوەندی.

**موزیک لە سەردەمە کۆنەکاندا، لێکدانەوەیەکی فەلسەفییانە/**

ئەو تێڕوانینەی کە پێیوایە موزیک کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەرگوێگر هەیە و دەبێتە هۆی بزواندن و وروژاندنی هەستەکانی گوێگر، داهێنانی لێکۆڵینەوە نوێکان نییە. هەر لێکۆڵینەوەیەک لەسەر کەلتورە لە مێژینەکان ئەوە ئاشکرا دەکەن کە خەڵکانی سەردەمە کۆنەکان هەڵگری تێڕوانینێکی بەهێز بوون لەسەر کاریگەری بەهێزی مۆراڵی و ڕەوشت بەرزی هونەر بە گشتی و موزیک بە تایبەتتر. بەمشێوەیە ئەوە شتێکی جەوهەری بووە بۆ ئەو هونەرمەندانەی لە نێو ئەو کەلتورانەدا کارییان کردووە، لە خستنەڕووی کارە هونەرییەکانییاندا هەست بە لێپرسراوێتییەکی مۆراڵی تایبەت بکەن. بەجیا لە بیرمەندانی پۆست مۆدێرن کە گرنگییەکی زۆر کەم بە هێزو توانای موزیک دەدەن و موزیک تەنها وەک هونەرێکی دابڕاو لە هەڵسوکەوتی مرۆڤ چاولێدەکەن، تیۆریزان و فەیلەسوفەکان بە درێژایی مێژوو ئەوەیان سەلماندووە کە موزیک بەشێوەیەکی توند و قووڵ کاریگەری لەسەر کاراکتەری مرۆڤەکان هەیە و ڕێکخەری مۆڕاڵیتییانە. لە سەردەمە کۆنەکاندا موزیک و گەردوون وەک یەکەیەکی پێکەوە گرێدراو چاوی لێکراوە؛ بەو مانایەی هیچ بۆشاییەک لەنێوان مرۆڤ و بونەوەری باڵادا بوونی نەبووە. ئانی ڤۆنگ لانگ (Anny Von Lange) نوسەری کتێبی "مرۆڤ، موزیک و گەردوون" (Man, Music and the Cosmos) ١٩٩٢ پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە "تەنانەت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا گەر موزیکێک بەشێوەیەکی باش جێبەجێ بکرێت، هێزی گرێدانەوەی ڕوحی مرۆڤی زەمینی هەیە بە سروشتە باڵاکەیەوە هەیە"[1]. بە داخ وپەژارەیەکی زۆرەوە لەسەردەمی مۆدێرندا، ئەوەی کە ئێمەی تێدا دەژین، تێڕوانی گەردونی لەسەر موزیک بە تەواوی بەرەو لەناوچوون چووە و سەرباری ئەمەش زۆرجار وەک تێڕونینێکی پێکەنیناوی چاوی لێدەکەن و هێرشیش دەکەنە سەری. تیۆدۆر ئەدۆرنۆ لەمەش زیاتر دەڕوات و دەڵێت " ئەوە شتێکی ڕوونە کە موزیک لەپەیوەندیدا بەو کۆمەڵگایەی لێوەی سەریهەڵداوە پێوانە ناکرێت و لەهەمان

1 Anny Von Lange, 1992: P.15

کاتیشدا موزیک وەک شتێکی دابڕاو و دوره دەست چاوی لێدەکرێت"[1]. لەمەش زیاتر لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا هەندێک بیرمەند پێیان وایە مرۆڤەکانی سەردەمانی کۆن هیچ هۆشیارییەکییان لەسەر هونەر بە شێوەیەکی گشتی و موزیک بە تایبەت نەبووە! گوومانی تێدا نییە کە ئەم گریمانانەی کە لەلایەن هەندێک بیرمەندی مۆدێرنەوە خراونەتەڕوو لە واقیعەوە دورن و هیچ بنەمایەکی زانستییان نییە لەبەرئەوەی دەیڤید تەیم ئاماژە بەوە دەکات کە " نزیکەی ٣٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر، پێش لەدایکبوونی مەسیح، لەو کاتەدا کە موزیکی خەڵکانی ئەوروپا لە لێدانی ئێسقان و کلۆره دار زیاتر هیچی دیکە نەبووە، خەڵکی وولاتی چین خاوەنی ئاڵۆزترین و ناوازەترین فەلسەفەی موزیک بوون ئەوەی کە ئێمە ئێستا دەیزانین"[2] . ئەگەر بۆ سەردەمە زۆر کۆنترەکانیش بگەڕێینەوە دەبینین جەختی زیاتر لەسەر چەمکی موزیک کراوەتەوە. لەمەش زیاتر، باڵادەستی دەنگ بەشێوەیەکی گشتی و پەیوەندی بە ڕوحانییەتەوە و تەنانەت پرۆسەی خودی ئەفراندنیش (خلق) لە شارستانییەتە کۆنەکاندا پەیوەندییەکی توندی بە دەنگەکانەوە هەبووە. ئەوە شتێکی سەرسوڕهێنەر نییە کە مرۆڤەکانی سەردەمە کۆنەکان باوەڕییان وابووە کە دەنگە بیستراوەکان یان موزیک پەرچەکردارێکی دەنگ یان لەرینەوەیەکی بنەڕەتی بووە کە لە گەردوونی ڕوحانیدا ڕویداوە. بەڵام هەروەک چۆن ڕوناکییەکی سپی بێگەرد دەکرێت لەگەڵ بلورێکدا کە حەوت ڕەنگەکەی پەلکە زێڕینەی هەبێت جیا بکرێتەوە و هەروەک چۆن دەنگێکی بیستراو دەکرێت بۆ زنجیرەیەک لە تۆنی هارمۆنی دیکە شی بکرێتەوە، لەبەر ئەوە یەکەم هاواری بنەڕەتی وا چاولێکراوە کە جیاکرابێتەوە بۆ زنجیرەیەک لە لەرینەوەی دەنگ، یان تۆنە گەردونییەکان.

لە میسری کۆندا ئەم تۆنە گەردونییانە وەک وشەی خوداکان چاوییان لێدەکرا و فیساگۆرسی یۆنانی کۆنیش وەک موزیکی بۆشایی دەیناساندن و چینییە کۆنەکانیش وەک ووزەیەکی ئاسمانی کە هەگری هارمۆنییەکی تەواوە، وێنای دەکردن. فیساگۆراس (٥٧٠-٤٩٥ پ.م) یەکەم فەیلەسوفی یۆنان بوو کە ناوبانگی بە دۆزینەوەی پرەنسیپە ماتماتیکییەکانی بەرهەمی موزیکی دەرکردبوو جەخت لەوە دەکاتەوە کە "هارمۆنییەکان تەنها لە کۆی ژمارەکانەوە سەرچاوە دەگرێت"[3] . لەبەرئەوەی سەرتاسەری گەردوون لە ڕێژە و ژمارەکان پێکهاتووە، لە پەیوەندیدا بەمەوە فیساگۆراس و شوێنکەوتوانی پێیان وایە کە موزیکیش بەهەمان شێوەیە، لەبەرئەوە بەشێکی جیانەکراوەیە لە خودی گەردوون. کۆمەڵێک چەمکی فەلسەفی هەن کە هەموو تێڕوانینە موزیکییەکانی سەردەمی کۆن لەسەرییەوە بنیاتنراون. بە پێی ئەم باوەڕانە "موزیک وێنای مایکرۆکۆسمی ڕێکخستنی گەردوونی دەکات شوێنپێی یاسا گەردونییەکان هەڵدەگرێت و کەسێک لەڕێگەی ڕاهێنان کردنی موزیکەوە دەتوانێت باشتر لەم یاسایانە تێبگات و ئەو زیرەکییەش کە لە هەناویدایە، بەدیبکات"[4]. لە پەیوەندیدا بەم هۆشیارییە گرنگەی موزیکەوە یەهودی مێنوهین (Yehudi Menuhin) کە یەکێکە لە ڤایۆلین ژەنە بەناوبانگەکانی هاوچەرخ لە سەرەتای کتێبەکەیدا بە ناوی تێما و ئاڵوگۆڕ (Theme and Variation) گوزارشتی لە هێز و مانای ناوەکی موزیک کردووە، هەروەک دەڵێت: " موزیک لەشێواوی و تێکچونەکانەوە ڕێکخستن دروست دەکات، لەبەرئەوەی ڕیتم هاوشێوەیی بەسەر جیاوازییەکاندا دەسەپێنێت، میلۆدی بەردەوامی بەسەر دابڕاندا دەسەپێنێت، دواجاریش هارمۆنی گونجاندن بەسەر نەشیاویدا دەسەپێنێت"[5]. ئەم تێڕوانینەی مێنوهین جەخت لە پێکهاتە بنچینەییەکانی موزیک دەکاتەوە کە ئەوانیش ڕیتم، میلۆدی و هارمۆنین و هەریەکێکییان ڕۆڵی بەرچاوی لە ڕێکخستنی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا هەیە. هەناسەدان و

---

1 Theodore Adorno, 2002: P.393
2 David Tame,1984: P.33
3 Beekman Canoon, 1960: P. 6
4 Govinda Lama Anagorika, 1969: P. 26
5 Yehudi Menuhin, 1972: P. 41

ڕێکردن و قسەکردن هەموو هەڵسوکەوتەکانی دیکەی مرۆڤ هەڵگری جۆرێک لە ڕیتمن، بەنموونە لیدانی تربەی دڵ لەکاتی خەودا هێواش و لەسەخۆیە بەڵام لەکاتی ڕاکردندا خێرا و چالاکە. خوێندنەوەی هۆنراوە هەڵگری جۆرێکی دیاریکراو لە میلۆدییە و دواجاریش گەر هارمۆنی لەژیانی مرۆڤەکاندا بوونی نەبێت، ئەوکات ژیان لەسەر لێشێواوییەک زیاتر هیچی دیکە نییە. مێنوهین لەم تێڕوانینەیدا تیشک دەخاتە سەر تێڕوانینی فەلسەفی سەردەمی کۆن کە چۆن موزیک کاریگەری لەسەر کۆی بوونی سایکۆلۆجی وفیزیکی مرۆڤ دادەنێت. بۆ نموونە لای بیرمەندانی سەردەمە کۆنەکان موزیک لەم سێ ئاستەدا وێناکراوە وەک ئەوەی ڕیتمی بیری مرۆڤ، میلۆدی هەستەکانی مرۆڤ و هارمۆنی باری تەندروستی ڕۆژانەی لەگەڵ شێوازی هەڵسوکەوتیدا بێت. یۆنانییەکان هەڵگری ئەو تێڕوانینەن کە پێی وایە هونەر بەشێوەیەکی گشتی و موزیکیش بە تایبەت کاریگەرییەکی بەهێزییان لەسەر هەستەکان و مۆڕاڵی تاکەکان هەیە. دەنگەکان لە گەردووندا سەرچاوەی هەموو شتەکانن و موزیکیش بە پلەی یەکەم لەسەر دەنگ و تۆنەکان بنیاتنراوە. " بۆ خەڵکی هیندستان هەموو گەردوون لەسەر دەنگ وەستاوە کە هەموو چالاکییەکانی مرۆڤەکانیش لەوێوە سەرچاوە دەگرن"[1]

لەبەرئەوەی هەموو تەنە جۆراوجۆرەکان لەنێو سروشدا لە جوڵەیەکی بەردەوامدان، کەواتە هەریەکەیان جۆرە دەنگێک بەرهەم دەهێنن. بەمشێوەیە گەوهەری موزیکی بۆشایی (ئاسمان) گوزارشتە لە ئەزمونێکی قووڵ و ڕاستگۆیانەی گوێلێبوون و وەڵامدانەوەی چینە دەنگییە جیاوازەکانە بۆ مرۆڤەکان. تێگەیشتنە فەلسەفییەکان بوون بە بناغەیەک کە لەسەرییانەوە هەموو تێڕوانینەکان سەبارەت بە ئەزموون و ڕاهێنانی موزیکی سەردەمی کۆن بونیاتنراون. "بۆ نموونە بۆ خەڵکانی سەردەمی کۆن ڕیتمی موزیک ڕەنگدانەوەی جوڵەی هەسارەکان، ئەستێرەکان و خۆر ومانگ، بەدواییەکدا هاتنی وەرزەکان، ڕۆژ و شەو، هەڵچوون و داچوونەکانی دەریاکان و لەدایک بوون و مردنی خانەکانی جەستەی ئێمەشە"[2]. بابەتێکی گرنگی دیکە کە پەیوەندی بە گەردوونەوە هەبێت بۆ شارستانییەتە کۆنەکان بریتییە لە دوازدە دەنگە گەردوونییەکان. ئەم دوازدە دەنگە لە بونیادی خۆیاندا یەکەمین تێگەیشتنی تۆمارکراوە لە پەیوەندیدا بە زانستی ئەستێرە ناسییەوە. لەرینەوەی ئەم دوازدە دەنگە و کاریگەرییان لەسەر زەوی بەشێک بوون لە زانستی ئەستێرەناسییدا. " وا باوەڕکراوە کە ئەم دوازدە تۆنە دانە بە دانە بە گوێرەی مانگەکانی ساڵ، کاتەکانی ڕۆژ گوزارشتییان لەخۆیان کردووە. تۆنێکی دیاریکراو لەم دوازدە دەنگە بەشێوەیەکی بەرچاو لە مانگێکی دیاریکراودا یان کاژێرێکی دیاریکراو لە ڕۆژدا دەنگی داوەتەوە "[3]. لە هیندستان موزیک و سەما و وێنەکێشان و دراما وەک هونەرە خوداییەکان چاوییان لێکراوە. لە پەیوەندیدا بە تۆنە گەردونییەکانەوە لە موزیکی هیندیدا کۆمەڵێک ڕاگا (پەیژەی موزیک) هەن کە کۆمەڵێ میلۆدی ڕێکخراون و هەریەکەیان پەیوەندییەکی سروشتی ڕاستەوخۆی بە کاژێرێکی دیاریکراو لەڕۆژدا و وەرزێکی تایبەتەوە هەیە. بۆ نموونە دیپەکا ڕاگا (Deepaka Raga) بۆ بزواندنی هەستی سۆز و بەزەیی لە ئێوارەی هاویناندا ژەنراوە. دوو نموونەی لە دەستنەچوو کە پەیوەندییان بە نهێنی ژمارە ١٢ وە هەیە بریتیین لە دابەشبوونی مانگەکانی ساڵ بەسەر دوازدەدا و کاژێرەکانی شەو و ڕۆژ بە سەر ٢٤ دا کە ١٢یان بۆ ڕۆژ و ١٢ی دیکەیان بۆ شەوە. هونەرمەندەکانی شارستانییەتە کۆنەکان ناچاربوون کە بەم یاسا گەردونییانەوە پابەند بن و لە پەیوەندیدا بەمەوە هونەرمەندەکان بەگشتی و موزیسیانەکان بە تایبەت لە کەلتوری خۆیاندا بەرپرسیار بوون لە بەرهەمهێنانی جۆرە کارێکی هونەری کە یاسا وڕێسا گەردوونییەکان تێک نەدات. لە کاتی نوسین یان ژەنینی موزیکدا

1 David Reck, 1977: P. 7
2 Govinda Lama, 1969: P. 26
3 David Tame, 1984: P. 38

موزیسیان و موزیک دانەرەکان بۆ ڕێزگرتن لە هەستی تاکەکان و کۆمەڵگاش بە شێوەیەکی گشتی ڕەچاوی کۆمەڵێک ڕێسای تایبەتیان دەکرد. بۆ نموونە لە وولاتی چین لەوباوەڕەدا بوون کە هەر پارچەیەک موزیک هەڵگری جۆرێک لە ووزەیە و ئەم ووزەیەش توانای بەرپاکردنی کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر ئەو کەسەی کە گوێی لێدەگرێت هەیە. " کاریگەری نهێنی تایبەتی پارچەیەک موزیک وەستاوەتە سەر ئەم هۆکارانە: ڕیتم، ڕێکخستنی میلۆدی و پێکەوە گرێدانی ئەو ئامێرانەی تیایدا بەکار هاتوون"[1]. بە گوێرەی تێگەیشتنی دەڤید تەیم گەر ئەم هۆکارانە بەشێوەیەکی دروست و گونجاو پێکەوە گرێبدرێن ئەوکات موزیکەکە دەتوانێت کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر گوێگر هەبێت. کەسێک دەتوانێت ئەو پرسیارەش بکات کە بە چ شێوازێک دەکرێت ئەم پێکهاتانە پێکەوە گرێبدرێن بۆ ئەوەی ئەو کاریگەرییە بەهێزەیان هەبێت؟

لە پەیوەندیدا بەوەی کە گوترا سەبارەت بە خەڵکانی کۆن و شارستانییەتە کۆنەکان، لەو باوەڕەدام کە پەیوەندییەکی ڕاستەقینە لەنێوان ئەو یاسایانەدا کە موزیکێکی جوان و ناوازە دەخوڵقێنن و ئەو یاسا فیزیکییانەی کە گەردونێکی جوان دەخوڵقێنن، هەیە. یەکێک لە لقە گرنگەکانی نێو دونیای فەلسەفە دەکرێت فەلسەفەی موزیک بێت و بۆ ئەوەی بتوانین تێڕوانینێکی قووڵ و جەوهەری سەبارەت بە موزیک بەدەست بهێنین، ناکرێت ئەم لقە گرنگەی فەلسەفە پشتگوێ بخەین. فەلسەفەی موزیک لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو پرسیارە بنەڕەتییانە دەکات کە پەیوەندییان بە سروشت و پێکهاتەی موزیکەوە هەیە و لەهەمان کاتیشدا ئەزموونەکانی ئێمە لە پەیوەندیدا بە موزیکەوە دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوەوە.

**موزیک لە ژیانی ئێمەدا/**

"مرۆڤایەتی بەبێ موزیک نەک هەرشتێکی چاوەڕوان نەکراونییە بەڵکو ئەستەمە"[2]

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، لە سەردەمەدێرینەکانەوە مرۆڤەکان زۆر بە توندی بە دونیای موزیکەوە گرێدرابوون و پێدەچێت تا ئەو ساتەی مرۆڤ لەسەر ئەم گەردوونە بوونی هەبێت، موزیکیش هەر دەبێت چونکە موزیک وەک لقێکی ناوازە لە نێو دونیا بەرفراوانەکەی هونەرە جوانەکاندا بەرهەمی ئەم بونەوەرە باڵایەیە کە خودی مرۆڤ خۆیەتی. گەر موزیک بوونی نەبوایە، پێدەچوو ئەم گەردوونە هاوسەنگی و بەردەوامی خۆی لەدەست بدایە. سروشت پڕیەتی لە دەنگە جۆراوجۆرەکان وهەریەک لەم دەنگانەش جۆرێک لە هەست لای ئێمە بەجێدێڵن. لە لایەکەوە ئێمە گوێمان لە دەنگی با، شەماڵ، شنەبا، لەرینەوەی گەڵای درەختەکان، ترپەی دڵۆپەکانی باران، دەنگی جۆگە و ڕووبارەکان، جوڵەی گیا لە پێدەشتەکاندا، دڵۆپە ئاوەکانی نێو ئەشکەوتەکان و...هتد دەبێت و لە لایەکی دیکەوە گوێمان لە کۆمەڵێک دەنگی تەواو جیاواز لەمانە دەبێت وەک: ڕەشەبا، گێژەڵووکە، باوبۆران، هەورە بروسکە، بورکانەکان، لافاوەکان و دەنگی گیانەوەرە درندەکان و.....هتد. گروپی یەکەم لە دەنگەکان هەستی هێمنی، هێور بوونەوە، نەرمونیانی و هەستکردن بە ئارامی لای ئێمە دروست دەکەن و لەو لای دیکەشەوە گرووپی دووەمیان هەستی ترس و تۆقاندن و نائارامی لەنێوماندا دەچێنن و زۆرجاریش توشی سەرسوڕمانمان دەکەن. هەروەک سروشت، دونیای موزیک لێوانلێوە لە دەنگە جۆراوجۆرەکان وەک دەنگی مۆنۆفۆنی و پۆلیفۆنی، دەنگە کۆک و ناکۆکەکان، دەنگە بەرز و نزمەکان، دەنگە نەرم و ڕەقەکان، دەنگە ڕەنگاڵەییەکان، دەنگە دڵخۆشکەر و خەمهێنەرەکان. دەتوانین بڵێین سروشت وموزیک زۆر لەیەکتری دەچن ئەویش لەوەدا کە دەنگی لەیەکچوویان زۆر تێدایە. دەنگەکان

1 Ibid. P.33
2 George Leonard, 2006: P.1

لەنێـو سروشـدا هەرەمەکییـانە و نـارێکخراون بەڵام لە دونیـای موزیکـدا جۆرێـک لە رێکخسـتن و سیسـتەم بـۆ پێکەوەگرێـدانی دەنـگە جۆراوجۆرەکـان بەدیـدەکرێت و ئەم رێکخسـتنەش بە پـلەی یەکەم پەیوەنـدی بەو توانـا ناوازەیەی عەقڵی مرۆڤەوە هەیە. لە رۆژگاری ئەمرۆماندا موزیک لە هەموو شوێنێکە و بۆ هەر کوێیەک برۆین گوێمان لە موزیک دەبێت و رووو لە هەر شوێنێک بکەین موزیک یەخەمان پێدەگرێت. بە مانایەکی دی موزیک هەموو کایەکانی ژیـانی داگیرکـردووە وەک تەلەفیزیـۆن و رادیۆکـان، کافیتریـا و چێشـتخانەکان، بازارەکـان، نێـو ئۆتۆمۆبیـل و پـاس و فرۆکەکان، قوتابخانەکان، ماڵەکان، شوێنی کار، زیندانەکان، کەنیسە و پەرستگاکان و تەنانەت لە نێـو مزگەوتەکانیشـدا گوێمان لە بانگدان دەبێت کە ئەمەش جـۆرێکی تـایبەتە لە موزیـک. کەسێک سەرسـام دەبێت بە ئامـادەیی موزیـک لە هەمـوو ئەو شـوێنە سـەرەکییانەی ژیـانی رۆژانەمانـدا و شـتێکی سـەیر نیـیە گەر بڵێـین موزیـک دەکرێـت لە هەمـوو شـوێنێک بێـت. ئەمە بـۆچی وایە و چـی وا لە موزیـک دەکـات کە هێنـدە گرنـگ بێـت لە ژیـانی ئـێمەدا؟ پێشـتر رونکردنەوەیەکی کورتمان لەسەر مرۆڤە سەرەتاییەکان دا و نیشـانماندا کە چـۆن موزیـک لەگەڵ کـۆی هەڵسـوکەوت و ژیـانی رۆژانەی ئەوان بەتەواوەتـی لێکهەڵپێکـراوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێـت کە موزیـک بەدرێژایـی مێـژوو وەک بەشێکی زۆر گرنگ و زیندوو لەگەڵ ئێمەدا بووە و هەر لەگەڵیشماندا بەردەوام دەبێت بەڵام دەکرێـت لەگەڵ گـۆرانی مرۆڤەکان ئەمیش گۆرانی بەسەردا بێت. با وەڵامی ئەو پرسیارە گـرنگەی سـەرەوە بـدەینەوە کە " چـی وا لە موزیـک دەکات کە هێندە گرنگ بێت؟" دەیڤید تەیم لە کتێبە مانادارەکەیدا سەبارەت بە موزیک دەڵێت "هەرکاتێک ئێمە لە نێـو موزیکـدا دەبـین یـان گوێبیسـتی جۆرێـک لە موزیـک دەبـین، کـاریگەری ئەو بەشـێوەیەکی بەردەوام و راسـتەوخۆ لەسەرمانە، موزیک دەبێتە هۆی خێراکردن و هێواشکرنەوەی یان رێکخستن و تێکدانی لێدانی دڵمـان؛ خـاوکردنەوە و گرژکردنی دەمارەکانی لەشمان؛ کاریگەری لەسەر پەسـتانی خوێنمـان هەیە؛ کـاریگەری لەسـەر پرۆسـەی هەرسـکردن و هەناسەدانمان هەیە. کاریگەرییەکانی لەسەر هەستەکان و خواست وئارەزووەکانمان بە پلەیەکی باڵایە، کـاریگەری ئەو لەسـەر لایەنـی عەقڵـی و پرۆسـەی کـارکردنی مێشـکی مـرۆڤ لە ئێسـتادا لەلایەن تـوێژەرانەوە لێکـۆڵینەوەی لەسـەر دەکرێت"[1]. دەیڤد تەیم لەو رستە بەنرخانەدا ئەوە روونەدەکاتەوە کە موزیـک توانـایەکی فـرە رەهەنـدی لەسـەر لایەنـی فیزیکـی جەسـتەی مـرۆڤ و لە هەمـان کاتیشـدا لایەنـی روحـی ئەو هەیە. گەر موزیـک ئەم رۆڵە گەورەیەی لە ژیـانی ئێمەدا هەبێت، کەواتە ئێمە بەبێ ئەو ناتوانین ژیان بەرێبکەین. ئەگەریش ئێمە نەتوانین بەبێ شتێک درێژە بە ژیانمان بدەین، دەبێت ئەو شتە گرنگییەکی باڵای هەبێت لە چاککردنی ژیـانی ئـێمەدا. ئەوە شـتێکی سـەیر نیـیە گەر بڵێـین کە مرۆڤ بە سروشتی خۆی موزیسییانە یان موزیـک وارسـکانە (غەریـزە) لەنێـو جەسـتەی مرۆڤـدا بـوونی هەیە. رۆژانە ئێمە هەر جوڵەیەک کە دەیکەین جۆرێکە لە موزیک، بۆ نموونە کاتێک لەگەڵ هاوەڵەکانماندا گفتوگۆ دەکەیـن نائاگایـانە گۆرانکاری لە تۆنەکانی دەنگماندا دەکەین لە نزمەوە بۆ بەرز و بە پێچەوانەشەوە. لەکاتی رۆیشتنماندا هەنگاوەکانمـان جۆرێک لە ریتم لەخۆ دەگرن. تەنانەت لێدانی دڵمان و سورانەوەی خوێنمان هەڵگری تێمپۆیەکی زۆر تـایبەتن. لەرووی پێکهاتەوە مێشکی مرۆڤ زۆر ئاڵۆز و فرەبەشە و لەنێـو ئەم پێکهـاتە فرەچەشـن و جۆراوجـۆرەدا بەشـێکی دیـاریکراو تـایبەتە بە موزیـک، هەسـتەکان، هەڵچـوون و داچونەکـان، حەز و خواسـتەکان و دواجـاریش هەمـوو خەسـڵەتەکانی دیکەی تایبەتییان بە دونیای هونەرەوە هەیە. هیچ کەسێک ناتوانێ نکۆڵی لە ئاڵۆزی مێشکی مـرۆڤ بکـات چـونکە بـۆ نموونە لە هەموو ئایینەکاندا مرۆڤ بە باڵاترین بونەوەر لەسەر زەوی نیشـانداروە. بـۆ نمـوونە لە ئینجیلـدا دەگوترێـت "ئێمە مرۆڤمان لەسەر شێوەی خودا خوڵقاندووە" و لە قورئانیشدا تێروانینێکی هاوشێوەی ئەمە دەبینین کە دەڵێـت "

1 David Tame, 1984: P. 13

ئێمە مرۆڤمان بە باشترین شێوە خوڵقاندووە". بەهەمانشێوە زۆرێک لە فەیلەسوف و ئاییناسەکانیش مرۆڤییان بە بونەوەرێکی باڵا وێناکردووە. موزیک وەک فۆرمێك لە فۆرمەکانی هونەر لە لایەن ئەم بونەوەرە باڵایەوە هاتۆتە بوون و دەکرێت بڵێین کە موزیک بەشێکە لە خەسڵەتەکانی مرۆڤ چونکە هیچ بونەوەرێکی دیکە لەم گەردوونەدا نییە کە وەک مرۆڤ موزیك بخوڵقێنێت. لەبەر ئەوەی موزیک لە کۆمەڵێک دەنگی جۆراوجۆر پێکهاتووە و کە بە سیستەمێکی دیاریکراو ڕێکخراون و دەنگەکانیش تەنها لە ڕێگەی گوێلێبوونەوە دەبیسترێن، پێم باشە کە بۆ تاوێک قسە لەسەر هەستی بیستن بکەم. لەڕووی سایکۆلۆجییەوە مرۆڤ لە کۆمەڵێک هەستەوەر پێکهاتووە کە یەکێک لەوانە هەستی بیستنە و لە هەست و سۆزەکانمان بەرپرسیارە و لەنێو هەموو هەستەوەرەکاندا لەهەموویان بەهێزترە. "هیچ هەستەوەرێکی دیکە هێندەی گوێکانمان ئەو ترپانەی کە هێندە بچوکن دەستنیشان ناکات، ئەم ترپانە لە شەپۆلەکانی ڕوناکی بچوکترن تەنانەت لە قەبارەی ئەتۆمی هایدرۆجینیش بچوکترن"[1].

بەگوێرەی ئەم تێڕوانینەی ئێرنست گوێکانی مرۆڤ توانای بیستنی تەنانەت بچووکترین دەنگیان هەیە کاتێک بەر پەردەکانی گوێمان دەکەون. لە پرۆسەی بیستندا ئێمە ئاگایانە یان نائاگایانە زۆر بەخێرایی وەڵامگۆی جیهانی دەرەوەمان دەبین. ماکلیلان ڕانداڵ لە سورانگاما سوتراوە (Surangama Sutra) کە نوسراوێکی سەدەی حەوتەمی زایینییە لە پەیوەندیدا بە گوێگرتنەوە چەند دێڕێکی تایبەتی وەرگرتووە کە " کاتێک کەسێک لە دۆخێکی بێدەنگیدایە، دەنگی دەهۆڵەکان لە هەموو لایەکەوە وەک یەک دێنە گوێی، لەبەرئەوەی بیستن تەواو و پڕاوپڕە. بینین و تامکردن و بۆنکردن ناتوانن شاشەکان کوناوەدەر بکەن یان پیایدا تێپەڕن، جەستە کاتێک دەستی لێدرێت هەست دەکات، بیرکردنەوە دەکرێت سەرلێشێوێنەر یان دابڕاو بێت. بەڵام دەنگ نزیک یان دوور بێت لە هەموو کاتێکدا دەکرێت ببیسترێت. هەر پێنج ئەندامەکانی دیکەی هەستکردن دەکرێت ناتەواو بن بەڵام هەستی بیستن کامڵ و تەواو و پڕاوپڕە"[2]. ئەوە شتێکی سەرسوڕهێنەرە کە هەموو هەستەکانمان جگە لە هەستی بیستن گەر بەکار نەهێنرێن، دەوەستن بەڵام هەستی بیستن وەها نییە. بۆ نموونە لەکاتی خەودا هەستی بینین بەتەواوەتی وەستاوە لە کاتێکدا هەستی بیستن هەرگیز لە چالاکی خۆی ناکەوێت. گەر گوێ لە جەستەماندا ئەندامێکی هێندە ناوازە و تەواو بێت و لە ڕێگەی گوێکانمانەوە گوێبیستی دەنگە جۆراوجۆرەکان بین، دەکرێت بڵێین ئێمە لە ڕێگەی گوێکانمانەوە بوین بەم مرۆڤەی کە هەین. لە سەرەتاوە ئەوە دەنگە کە ئێمە دەیبیستین و پاشان بەدواداچوونی بۆ دەکەین کە لە چ سەرچاوە و شوێنێکەوە هاتووە. با بزانین خودی دەنگ چییە و چۆن کاریگەری لەسەر ئێمە هەیە؟ لەڕووی زانستییەوە دەنگ ئەو لەرینەوانەن کە لە پاڵەپەستۆ یان گرژییەوە سەرچاوە دەگرن و دەگوێزرێنەوە بۆ نێو هەوا، ئاو، مادە ڕەقەکان و موزیکیش جۆرێکی دیکەیە لەم لەرینەوانە بەڵام سیستەمێکی زۆر دیاریکراوی لە ڕێکخستن هەیە. وەڕینی سەگەکان، دەنگی باڵندەکان و سیمفۆنیایەک جۆری جیاوازن لە لەرینەوەکان. "نهێنی دەنگەکان ئەوەیە کە لە هەموو شوێنێک و لەنێو هەموو شتێکدا هەن، بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیی خۆیان نیشاندەدەن، هەندێک جاریش لەودیو توانای گوێکانی مرۆڤەوەن"

لەڕووی فەلسەفییەوە بدوێین، ئێمە تەنها ئەو کاتانە دەنگی شتەکان دەبیستین کاتێک دۆخی بێدەنگییەکی ڕەها لەوێ بوونی هەیە، ئەو دۆخەی کە لێیەوەی هەموو دەنگەکان سەرچاوەیان گرتووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئێمە تەنها ئەو کاتانە شتەکان دەبیستین کە بێدەنگی هەیە و لەو کاتانەشدا ئەزموونی بێدەنگی دەکەین کە دەنگ هەیە. لە

1 Berendt Joachim Ernst, 1987: P.135
24Macclellan Randal,1991: P.166
25 Schneider Marius, 1957: P.43

نوسینی سانسکریتییدا دووجۆر دەنگمان هەیە، یەکەمییان ئەو دەنگانەنە کە لە ڕێگەی پیاکێشانەوە سەرچاوە دەگرن و ئێمە بە شێوەیەکی ئاسایی دەیانبیستین، جۆری دووەم ئەو دەنگانەن کە بە بێ پیاکێشان دێنە بەرهەم کە ئەمجۆرەیان لە لایەن ئێمەوە نابیسترێن. لەڕێگەی ڕاهێنانکردنی موزیکەوە کەسێک دەتوانێت ئەزموونی هاوسەنگی تەواو لەگەڵ یەکێتی ڕەها و هارمۆنیدا بکات کە هەردوو ئەمانە خەسڵەتە بنچینەییەکانی گەردوونن. ئەوە ئەم خەسڵەتە دوولایەنەی موزیکە (یەکێتی و هارمۆنی) کە گرنگییەکی تایبەتی لە هاوسەنگی مرۆڤدا پێدەبەخشێت. لە پەیوەندیشدا بەمەوە ئەوە شتێکی سەیر نییە کە هەموو بونەوەرەکان بە هەموو جۆرەکانییانەوە لەم گەردوونەدا بە هاوسەنگی دەژین. موزیکدانەری بەناوبانگ ئیگۆر ستراڤینسکی لە پەیوەندیدا بە دەنگ و بێدەنگییەوە پێناسەی موزیک دەکات هەروەک دەڵێت " کۆی موزیک هیچی دیکە نییە جگە لە جوڵە و ترپە و دەنگە یەکلەدواییەکان کە بە ئاڕاستەی جۆرێک لەوە ستان وبێدەنگی هەنگاو دەنێن"[1]. موزیک کە پێکهاتووە لە تێکەڵەیەک لە دەنگ و بێدەنگی هەموو کەلێنەکانی مێشکمان دەبزوێنێت، بۆ نموونە پێویست ناکات کەس هەبێت بۆ ئەوەی منداڵ فێری سەما و ترپەکان بکات چونکە ئەوان خۆیان سەرپێیانە ئەو کارە دەکەن. سەرباری ئەمەش کەسێک ئێمەی فێر نەکردووە کە چ جۆرە موزیکێک دڵخۆشکەرە و چ موزیکێکی دیکە خەمئامێزە ئێمە ئەمە بەشێوەیەکی وارسکانە (غەریزە) دەزانین. هەموو خانەکان لە جەستەی مرۆڤدا جۆرێک لەرینەوە لەخۆ دەگرن و بەمشێوەیەش توانای هەستپێکردنی لەرینەوە و دەنگە دەرەکییەکانییان هەیە. لەهەمان کاتدا جەستەی مرۆڤ بە بەردەوامی وەڵامگۆی ئەم لەرینەوانەیە هەرچەندە ئاگایانەش ئەمە ناکات. ڕاستییە زانستییەکان ئەوەیان سەلماندووە کە کۆی جەستەی مرۆڤ کاتێک لە دۆخێکی تەواو هێمندایە، لە چرکەیەکدا هەشت بازنەی لەرینەوەی تێدا ڕوودەدات. ئەوە شتێکی سەرسوڕهێنەرە کە خودی گەردونیش بە هەمان پێوانە لەرینەوەی تێدا ڕوودەدات، ئەمەش دەمانباتەوە بۆ بیرۆکەی هاوشێوەبوونی مرۆڤ لەگەڵ گەردووندا و هەربۆیە لێکدانەوەی شارستانییەتە کۆنەکان لە پەیوەندیدا بە دەنگ و موزیکەوە سەرسامی لای ئێمە دەخوڵقێنێت. کاتێک گەر مێشکمان نەتوانێت دەنگە ئازاربەخش یان سودمەندەکانمان پێ بڵێت، ئەوا جەستەمان یەکسەر ئەو کارە دەکات. تەنانەت دەکرێت کەسێک زۆر ئارەزووی جۆرێک لە موزیک بکات بەڵام لەهەمان کاتدا دەکرێت ئەو پارچە موزیکە بۆ جەستەی ئازاردەربێت. بۆ نموونە کەسێک دەتوانێت بیر لەوە بکاتەوە کە چۆن دەکرێت ئارەزوویەکی زۆی بۆ خواردنێک هەبێت بەڵام هەمان ئەو خواردنە دەکرێت بۆ جەستەی سودمەند نەبێت. لە سەرەتای ئەم بەشەدا ئەوەمان نیشاندا کە گومانی تێدا نییە موزیک لە هەموو شوێنێکە و کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی لەسەر جەستە و بیرو هۆشمان شتێکی حاشاهەڵنەگرە. پاش خستنەڕووی چەند ڕاستییەکی زانستی سەبارەت بە گرنگی دەنگ بە گشتی و موزیک بە تایبەت، ئێستا بۆ تاوێک تیشک دەخەمە سەر ئەوەی کە بۆچی ئێمە گوێ لە موزیک دەگرین و ئایا موزیک چ کاریگەرییەکی لەسەر ئێمە هەیە؟

گەر تاقیکردنەوە لەسەر کۆمەڵێک خەڵک بکەین ئەویش بەلێدانی کۆمەڵێک جۆری جیاواز لە موزیک بۆ هەریەکەیان، دەبینین هەریەکەیان بەپێی ئەو جۆرە موزیکەی بۆی دەژەنین وەڵام دەداتەوە و وەڵامی هەریەکەیان دەکرێت هەر لە چوارچێوەی ئەم ووشانەدا بێت: موزیکەکە دڵخۆشکەرە، خەمئامێزە، گەنجانەیە، سەرسوڕهێنەرە، پڕجۆش و خرۆشە، منداڵانەیە، هێمن و لەسەرخۆیە، توڕەیە، ترسناکە، ڕوحانییە، سەمائامێز و پڕووزەیە و....هتد. هەموو ئەم ووشانە جۆرێک لەهەست لەنێو ئێمەدا نیشاندەدەن، بۆ نموونەک کاتێک گوێبیستی جۆرێک لە موزیک دەبیت بیرکردنەوەت بەشێوەیەکی چالاک و ڕاستەوخۆ بەرەو شوێنێک یان یادئاوەرییەک دەبات کە مانایەکی لای تۆ

1 Igor Stravinsky , 1947: P. 37

هەیە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە موزیک هەندێکجار پەیوەندی بە ڕوداوێک یان چالاکییەکەوە هەیە کە لە ڕابوردوودا ڕویداوە. وەک هەستی بۆنکردن، گۆرانی و موزیک بەشێوەیەکی باڵا ئاگادارکەر و بە ئاگا هێنەرەوەیە و کات و شوێن و خەڵکە گرنگەکانمان دێنێتەوە یاد. هەندێک لە توێژەران ئەوەیان نیشانداوە کاتێک ئێمە گوێ لە گۆرانییەک دەگرین یەکسەر هەوڵدەدەین کە ووشەکانی موزیکەکە پێکەوە گرێ بدەین بەم کارەش زانیارییەکان ڕاستەوخۆ لە بەشی چەپی مێشکەوە بۆ بەشی لای ڕاستی مێشک دەگوێزرێنەوە، ئەو شوێنەی کە یاداوارییە درێژخایەنەکانی تێدا هەڵگیراون. لای هەندێک لە فەیلەسوفەکان موزیک بزوێنەری هەست و سۆزە و ئەمەش یەکێک لە ئامانجە گرنگەکانی موزیکە. لای موزیسیان، گۆرانیبێژو موزیکدانەر موزیک ڕۆڵی گواستنەوەی هەستەکانی ئەوە بۆ گوێگرانی کە ئەمەش ڕۆڵی کۆمەڵایەتی دەگێڕێت بۆ گرێدانەوەی ئەمان بە کۆمەڵگاوە. سەرباری ئەمانەش گوێگرتن لە موزیک، دارشتنی موزیک یان پێشکەشکردنی یارمەتیدەرە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاگەلێکی گرنگی وەک: ئێمە کێین؟ بۆچی لێرەین؟ ئێمە وەک تاک و وەک جڤات لە ژیاندا چ شتێک بەنرخە لامان؟ موزیک وامان لێدەکات کە لە خۆمان و ئەوانی دیکەش تێبگەین. چەند ساتە وەختێک لەژیانماندا هەیە کە سەختە بە ووشە بتوانین گوزارشت لە بیرو بۆچوون و هەستەکانمان بکەین، لە دۆخێکی ئاوادا موزیک هەمیشە لەوێیە بۆ دەربڕینی ئەو شتانەی کە بە ووشەکان دەرنابڕدرێن و لە هەمان کاتیشدا مێشکیشمان لە بەربەستەکانی گفتوگۆکردن ڕزگار دەکات.

**موزیک و مۆڕاڵ/**

پرسیارگەلێکی گرنگی وەک ڕۆڵی موزیک لە بوارەکانی شکڵ پێدانی (کەسایەتیپێدان) کەسایەتی مرۆڤدا، توانای مۆڕاڵی موزیک، خەسڵەتە بەرەوسەرچووەکانی موزیک (transcendent)، هەروەها ڕۆڵی هونەر و هونەرمەندەکان لە دەوڵەمەندکردنی کەڵتورەکاندا، ئەو پرسیارانەن کە لەم بەشەی توێژینەوەکەماندا تاو و توێیان دەکەین. گومانی تێدا نییە کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، سەرهەڵدانی کەڵتوری گشتی (Popular Culture) و ئەو بەهایانەی کە لەگەڵ خۆی وەک دیارییەک هێنانی، گرفتی گەورە و بەرچاوی لە سەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی جێهێشت. بابەتی هێزی مۆڕاڵی موزیک و چۆن ئەم هێزە کاریگەری لەسەر تاکەکان و کۆمەڵگا هەیە ئەو شتەیە کە زۆر بەکەمی لە دونیای پۆست مۆدێرنی ئێستاماندا جێمەبەستە. لەبەر ڕۆشنایی کەڵتوری گشتی (Popular) ڕۆژئاوای ئێستادا هونەری موزیک تا ئاستێکی باڵا پشتگوێخراوە. لە ڕاستییدا خودی ووشەی هونەر بە بازاڕی کراوە و ڕوکەشگەرایی لە هونەردا لە دونیای مۆدێرندا بۆتە شتێکی باو. لە هەلومەرجێکی ئاوادا بێبەهاترین کاری هونەری کە لەلایەن ئەو خەڵکانەی هەڵگری بەهرەیەکی پڕ گومانن بەرهەم هێنراون، وەک یەکێک لە کارە هونەریە گرنگەکان چاوییان لێدەکرێت. دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین کە لە دۆخێکی ئاوا شێواو و بێماناادا هونەرەکان جگە لە تەنها دەربڕینێکی خودی هیچی دیکە نین. لە بابەتەکانی پێشوتردا بینیمان کە چۆن موزیک ڕۆڵێکی زۆر گرنگی لە سەرجەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هەیە. گرنگی موزیک بەشێوەیەکی بنچینەیی وەستاوەتە سەر کاریگەری ئەو لەسەر بنیاتنانی کاراکتەری مرۆڤ. بە مانایەکی دیکە توانا و هێزی موزیک لەسەر هەست و سۆزە ناوەکییەکانمان بابەتێکی مۆڕاڵییە. بەسەرکردنەوەی تێڕوانینە فەلسەفییەکان لە سەر پەیوەندی نێوان موزیک و کەسایەتی مرۆڤ لە ئێستادا بابەتێکی زۆر گرنگە. فەلسەفەی موزیکی چینی سیستەمێکی زۆر پێشکەوتوی باڵای تیۆری و سۆفیگەرانە ئاشکرا دەکات و لە هەڵوێستیدا سەبارەت بە موزیک زۆر وریا و زیرەکانەیە. چینییەکان گرنگییەکی زۆرییان بە توانا و هێزی دەنگ و موزیک لە بواری موتەعالی کردن و چاکسازی مرۆڤدا داوە. ئەوان لەو باوەڕەدا بوون کە هەندێک موزیک هەن هەڵگری ووزەیەکی زۆر تایبەتن و توانایەکی کاریگەری زۆر بەهێزییان لەسەر ئەوانە هەیە کە گوێبیستییان دەبن. ئەم تێگەیشتنە میتافیزیکییە بۆ

موزیک لە هەمان کاتدا لایەنی ئاینی و مۆڕاڵیش لەخۆ دەگرێت. لای چینییەکان بابەتی ئەوەی کە موزیک چۆن و بەچ شێوازێک بەکاردەهێنرێت، گرنگییەکی زۆر گەورەی هەیە. هەروەک دەیڤید ئیتۆن ئاماژەی پێدەکات " ئەو موزیکەی ئامانجی دەربڕین یان وێناکردنی حەقیقەتێکی گەردوونی هەیە ئەو جۆرە موزیکەیە کە باش وگونجاووە و بۆ کەسایەتی مرۆڤ سودمەندە و لەم ڕێگەیەشەوە بەشێوەیەکی گشتی ئەو مرۆڤە سودی بۆ کۆمەڵگا دەبێت، بە پێچەوانەشەوە ئەو موزیکەی کە تەنها جەستەیی و بێگانە بێت وەک موزیکێکی نامۆڕاڵی چاویلێکراوە و کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر لایەنی ڕوحانی و کەسایەتی مرۆڤ دەبێت"[١] . کۆنفۆشیۆس (٥٥١-٤٧٩ پ.م) کە یەکێک بووە لە فەیلەسوفە بەناوبەنگەکانی وولاتی چین تێڕوانینێکی توندی لەسەر موزیکی هەندێک لە موزیکدانەرەکانی سەردەمی خۆی هەبووە و لە ڕەخنەکردنی لایەنی مۆڕاڵی زۆرێک لە ستایەڵە موزیکییەکانی سەردەمی خۆی دەستەوسان نەبووە هەروەک دەڵێت " موزیکی چێنگ (Cheng) (ڕونکردنەوە) موزیکێکی بازاڕی و تێکدەرە، موزیکی سەنگ (Sung) نەرمونیانە و وا لە گوێگر دەکات کە ژنانی بێت، موزیکی وای (Wei) دوبارەبۆوە و بێزارکەرە، موزیکی چی (Chi) توند و لوتبەرزانەیە"[٢] هەروەها کۆنفۆشیۆس باوەڕی وابووە کە موزیکی باش دەبێتە هۆی کامڵکردنی کەسایەتی مرۆڤ هەروەک دەڵێت " موزیکی کەسی خانەدان موزیکێکی ناسک و میهرەبانە و مەزاجێکی هاوسەنگ دەخوڵقێنێت، هەستی جوڵان و ژیاندنەوە دەبەخشێت"[٣]. فەیلەسوفەکانی یۆنانیش سەبارەت بە تواناکانی موزیک تێڕوانینی هاوشێوەیان هەبووە. بو نموونە ئەفلاتوون (٤٢٧-٣٤٧پ.م) لە کۆمارەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە موزیک بەهۆی خەسڵەتە دەربرێنخوازەکەیەوە گوزارشت لە لایەنی ناوەکی دەکاتەوە و ئەمەش بە ئاڕاستەی دونیایەکی باڵا و ڕوحانی ڕێدەکات. " ئەفلاتوون جەخت لە سروشتە واڕسکە ڕۆحانی و دەرونییەکەی موزیک دەکاتەوە و دواجار لەبەرئەوەی موزیک دەبێتە هۆی وروژاندن و ئاڕاستەکردنی هەستێکی دیاریکراو، لەبەر ئەو هۆیەش دەتوانێت کەسایەتی گوێگرەکە شکڵ پێبدات"[٤]. لەبەرئەوەی موزیک لای ئەفلاتوون بەشێوەیەکی سەرەکی خەسڵەتی لاساییکردنەوەی هەڵگرتووە، هەر بۆیە وێنای لایەنی جەستەیی و عەقڵی ژیانی مرۆڤ دەکات. سەرباری ئەمانەش موزیک دەتوانێت بیرکردنەوە و چالاکی و تێگەیشتنەکانی مرۆڤ بێئاگایانە بەشێوەیەکی بەهێز ئاڕاستە بکات. بەمشێوەیە ئەفلاتوون قسەکانی خۆی لێرەدا پوخت دەکاتەوە کە دەڵێت " پەروەردەکردن لە موزیکدا هێزێکی باڵادەستە لەبەر ئەوەی ڕیتم و هارمۆنی لەهەموو شتێکی دیکە زیاتر بەرەو قوڵاییەکانی ڕوح هەنگاو هەڵدەگرن و بە توندی پێوەی گرێدەدرێن و دواجاریش میهرەبانی دەگوێزنەوە"[٥]. سەرباری ئەمانەش ئەفلاتوون کاریگەری پەیژە موزیکییەکان لەسەر کاراکتەری مرۆڤ بەشێوەیەکی وردتر دەخاتەڕوو و لەڕوویی مۆڕاڵییەوە ئەو پەیژە موزیکییانەی کە دیسپلینی کەسایەتی مرۆڤ دەکەن بە باڵاتر چاو لێدەکات وەک ئەو پەیژانەی کەسایەتی مرۆڤ پشتگوێدەخەن ئەو " پەیژەی لیدیان و میکسۆلیدیان وەلا دەنێت لەبەرئەوەی جۆرێک لە دۆخی تەمەڵی و سەرخۆشی بۆ گوێکر دروست دەکات بەڵام پەیژەی ئایۆنیان لای ئەفلاتوون پەسەندە چونکە جۆرێک لە هێمنی بۆ کەسایەتی دەخوڵقێنێت"[٦]. ئەم تێڕوانینەی ئەفلاتوون بۆ پەیژە موزیکییەکان نزیکایەتیکی زۆری لەگەڵ تێڕوانینەکانی کۆنفۆشیۆسدا بۆ جۆری موزیکەکان هەیە. بە کورتی سادەیی پاکێتی لە موزیکدا لای ئەفلاتوون جێ مەبەست بووە و

1 David Eaton, 2002: P. 27
2 David Tame, 1984: P. 34
3 Ibid, 34
4 Bowman Wayne, 1998: P.39
5 Plato, 1966: P. 14
6 Ibid, P. 10

ئەو موزیکەی کە تەنها لایەنی هەستی نیشان دەدات و جۆرێک لە کەشوفش دەخولقێنێت بێزراوە و ئەو موزیکەی کە زیاد لەڕادە چێژ بەخشە کاریگەری لەسەر لاوازکردنی لایەنی عەقڵی هەیە. تیۆرییەکانی ئەفلاتوون لەسەر موزیک کاریگەرییەکی بەرچاوییان لەسەر پرۆسەی پەروەردە لە یۆنان هەبوو چونکە پەروەردەی یۆنان لەسەردەمی ئەفلاتووندا لە دەوری بنیاتنانی کەسایەتی چاک و عەقڵیکی تەندروست چەقی بەستبوو، هەربۆیە خواست لەسەر سادەیی بوون و عەقڵانی بوون لەم کۆمەڵگایەدا بەهەمانشێوە کاریگەری لەسەر فەلسەفەی موزیکی ئەفلاتوون هەبوو. ئەم تێڕوانینە باڵادەستانە سەبارەت بە موزیک و مۆڕاڵ بەهەمانشێوە کاریگەرییان لەسەر قوتابییەکەی ئەفلاتوون ئەرەستۆ هەبوو. هەرچەندە فەلسەفەکەی ئەرەستۆ بەشێوەیەک لە شێوەکان جیاوازی لەگەڵ ئەوەی ئەفلاتووندا هەبوو، بەڵام ئەرەستۆش بەهەمانشێوە باوەڕی وابوو کە موزیک وێنای هەستەکانی مرۆڤ دەکات هەروەک دەڵێت " دەکرێت لەڕوحی ئێمەدا نزیکایەتییەک بۆ میلۆدی و ڕیتمەکان هەبێت ئەمەش دڵنیایی ئەوەمان دەداتێ کە ئێمە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ژێرکاریگەری موزیکداین"[1]. ئەرەستۆ پێی وابوو کە ڕیتم و میلۆدی لە هەناوی خۆیاندا هەستی توڕەیی و هێمنی، هەڵچوون و داچوون، هەموو پێچەوانەکانیشیان لەخۆ دەگرن. ئەرەستۆ بە پێچەوانەی ئەفلاتوونەوە باوەڕی وابوو کە دەکرێت هەستی خرۆشاندن و بزواندن هەندێک جار بۆ مرۆڤەکان سودبەخش بن.

**موزیک لە کۆمەڵگای کوردیدا/**

زەرتوشت سرودی یەکتاپەرستی دەخوێنێ وئێمەش کە خۆمان شاعیر وسرود سازین، بەبێئەوەی دەسەڵات لەدەست خۆماندا بێت، ڕووەو ئاوازی ئاسمانی خۆی، جڵەوکێش دەکات. "رابیندرانات تاگور"[2]

دوای خستنەڕووی کۆمەڵێک تێڕوانیی گرنگ لەسەر موزیک و گرنگییەکانی لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتییدا دەمەوێت لەم بەشەدا کۆی ئەو سەرنجانەی پێشوو لە پەیوەندیدا بە موزیکی کوردییەوە بخەمەوە ڕوو. کورد سەر بە ڕەگەزی ئارییە و یەکێکە لە کۆنترین نەتەوەکان و بۆ یەکەمجار لە باکوری میزۆپۆتامیا و هەندێک بەشی ئێراندا جێگیربوون. هەندێک باوەڕییان وایە کە کوردەکان لە خێڵە ئیندو ئەوروپییەکانەوە کە مێژووەکەیان بۆ نزیکەی ٤٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە هاتوونەتە بوون و لەم ناوچانەدا یەکێک شارستانییەتە دەوڵەمەندەکانییان دامەزراندووە. لە ئێستادا زۆربەی دانیشتوانی کورد موسوڵمانن و لەهەمان کاتدا ڕێژەیەکی کەمیش سەر بە ئاینەکانی یەزیدی، مەسیحی، زەردەشتی، ئەهلی حەق و جولەکەن. کورد نەتەوەیەکە لە نێوان هەندێک لە وڵاتەکانی خۆرهەڵاتی ناویندا دابەشبووە و یەکێکە لە کەمینە بەرفراوانەکانی دونیایە کە تا ئەم دەمە وڵاتی سەربەخۆی نییە. وەک هەموو نەتەوەکانی دیکە، موزیکی کوردی هەر لە سەرەتای بوونییەوە هاوشانی ڕۆیشتووە. لە یەکێک لە یادگارە دێرینەکانی موزیکی سەردەمی ساسانی کە وێنەیەکی هەڵکۆڕاوی سەر بەردە لە دامێنی کێوەکانی بێستوون لە شاری کرماشان کە مێژووەکەی بۆ سەدەی پێنجی زایینی دەگەڕێتەوە، ئەوە دەردەکەوێت کە موزیک بوونی هەبووە و ڕێزی لێگیراوە.

---

1 Aristotle, 1959: P. 5

٢محەمەد حەمەباقی،١٩٩٦: ١١٧



- تەمبور ژەنێکی کورد  لە سەردەمی ساسانیدا-

کوردناسی بەناوبانگ تۆمابوا دەڵێت لە سەردەمی ساسانییەکاندا کورد موزیکێکی هێجگار بەرزی هەبووە و موزیکی کوردی کاری کردۆتە سەر نەتەوەکانی دراوسێشی"[1]. گۆرانی گوتن یەکێکە لە فۆرمە هەرە کۆنەکان لە نێو نەتەوەکانی دونیادا و کۆنترین ئامێری موزیکیش خودی دەنگی مرۆڤ بووە. هەر لەسەرەتاوە کورد وەک هەموو نەتەوەکانی دیکە دەستی بە گۆرانی گوتن کردووە و پاشانیش ئامێرە موزیکییە جۆراوجۆرەکانی وەک (تەنبور، شمشاڵ، زوڕنا، بلوێر و دوزەلە، تەپڵ، دەهۆڵ و دەف) بەکارهێناوە. یەکێک لەم ئامێرە موزیکییانە تەمبور بووە  کە لە عودێکی دەسک درێژ دەچێت و ناسنامەکەشی بۆ نزیکەی ٣٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە و ئەمەش وەک یەکێک لە کۆنترین ئامێرە موزیکییە ژێدارەکان هەژمار دەکرێت. "لە دەرئەنجامەکانی شوێنەوارناسیدا دەرکەوتووە کە ئەم ئامێرە تەمەنی زۆر کۆنە و گرنگترین بەڵگەش بۆ سەلماندنی ئەو ڕاگەیاندنە پەیکەرێکە لە تەنیشت هەڵکۆڵینێکەوە لە دوروبەری (حەزرەتی دانیاڵ نەبی) کە کەوتۆتە (شوش) کە ئاماژە بە دوو پیاوی موزیکژەن دەکات و بە دەستی یەکێکیانەوە ئامێرێکی تەنبور هەیە و ئەم پاشماوەیە دەگەڕێتەوە بۆ پێش دەرکەوتنی حەزرەتی موسا"[2]



- دوو موزیکژەنی کورد پێش هاتنی حەزرەتی موسا-

١تۆمابوا،١٩٨٠: لا.٢٦ .

٢ عەلی ئەسغەر نەسڕوڵلا پور، ٢٠٠٧ : لا٢١

موزیكی كوردی بۆ سەردەمێكی زۆر لە مێژینە دەگەڕێتەوە و تەنانەت زۆر لە پێش موزیكی دونیای ڕۆژئاواوە سەریهەڵداوە. بەپێی لێكدانەوەكانی فەرهاد پیربال موزیكی كوردی بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە : " قۆناغی یەكەم ناسینی میلۆدی و ئاوازەكان بووە لە ڕێگەی دەنگی مرۆڤەكانەوە و پاشانیش ئامێرە موزیكییەكان پەیدابوون. ئەم دۆخە لە سەردەمی شارستانییەتاكانی بابلی، ئەكەدی و ئاشورییەكاندا بووە"[1] زۆرێك لە وێنە و پەیكەر و بەڵگەكانی دیكەی شوێنەوار ناسان ئەوە نیشاندەدەن كە خەڵكی كورد لەم شارستانییەتانەدا موزیكییان زانیوە و ئامێرە موزیكییەكانیشییان بەكارهێناوە. بۆ نموونە لە تەوراتدا (١٢٠٠ پ.م) ئاماژە بەو ئامێرە موزیكییانە دەكات كە لەو سەردەمەدا بەكارهاتوون وەک : ئامێری سەنتوور، كەمانچە، عود، كەرنای. بە پێی لێكدانەوەكانی فەرهار پیربال قۆناغی دووەم " ئەو قۆناغە بووە كە تیایدا موزیک و ئایین زۆر بە توندی پێكەوە گرێدرابوون، ئەمەش بەو مانایەی كە موزیک بە تەواوەتی لەژێر كاریگەری باوەڕە ئایینی و پەرستشەكاندا بووە"[2]. یەكێک لە كتێبە پیرۆزەكانی ئایینی زەردەشتی ئاڤێستایە كە مێژووەكەی بۆ (٦٢٥-٥٥٠ پ. م) دەگەڕێتەوە و ئەم كتێبە یەكێک بووە لە سەرچاوە ئاینییە هەرە گرنگەكان بۆ خەڵكی كورد. لە باوەڕی زەردەشتیدا خودی بەهەشت خۆی موزیكە و ئەمەش ئەوەمان نیشان دەدات كە موزیک تاج ڕادەیەكی باڵا لەم ئایینەدا، پیرۆز نرخێنراوە. هەروەک سروتەكانی كۆمەڵگا سەرەتاییەكان لەم ئایینەدا زۆر دەگمەنە هیچ بۆنەیەكی ئایینی بە بێ موزیک وگۆرانی بەڕێوە بچێت. "قۆناغی سێیەم قۆناغی گۆرانی و موزیكی شیعر ئامێزە كە بەشێوەیەكی سەرەكی لەدەوری بابەتەكانی وەک خۆشەویستی و نیشتمان پەروەری خولییان خواردووە"[3] لە ژیانی كەڵتوری كورددا موزیک ڕۆڵێكی بەرچاو و تایبەت و ئاوازە دەگێڕێت و جێگەیەكی كۆمەڵایەتی گرنگی داگیر كرووە. تۆمارە مێژووییەكان ئەوە نیشان دەدەن كە هونراوە پاڵەوان ئاساكان و چیرۆكەكان زۆربەیان بە گۆرانی گوتراونەتەوە، هەموو ڕوداو و بابەتەكان خراونەتە نێو بۆتەی موزیكەوە بۆ ئەوەی لەبیرنەكرێن و دەماودەم و دەستاو دەست بۆ نەوەكانی دواتر بگوێزرێنەوە. لێرەوە دەتوانیین بڵێین كە موزیكی كوردی بە شێوەیەكی بنچینەیی موزیكی فۆلكلۆرییە، بەو مانایەی كە زۆربەی ئەندامەكانی ئەم كۆمەڵگایە لە هەموو چین و توێژە جیاجیاكان دەتوانن گوێبیستی بن. لە ڕاستییدا دۆخەكانی سەرهەڵدان و گەشەكردنی ئەم جۆرە لە موزیک زۆر فرەن و دەستنیشان كردنی سەرچاوەكانییان كارێكی سەختە. دەتوانین بڵێین كە خەڵكی كورد لە زۆربەی بۆنە و چالاكییەكانی ڕۆژانەیاندا وەک كاری هەرەوەزی، بۆنە خۆشەكان، جەنگەكان و سەركەوتنەكان، پرسە و ماتەمینیدا موزیک و گۆرنییان بەكارهێناوە. هەندێک لەم گۆرانییانە تەنها دەنگن بە بێ بەكارهێنانی ئامێرە موزیكییەكان و هەندێكی دیكەیان جۆرێک لە ململانێی كوڕ و كچەكان بوون بۆ گوتنی باشترین هۆنراوەكان بە دەنگێكی باش لەو كاتانەدا كە لە چیاكان گەڕاونەتەوە بۆ ماڵەكانییان وهەندێک جاری دیكەش لە كۆڕ و كۆبونەوەكانی ژیانی ڕۆژانەیاندا گۆرانییان گوتووە. لە هەندێک دۆخی دیكەدا گۆرانی بێژەكان لە كۆبونەوەی شەوانی گونددا گۆرانییان چڕیوە، یان لە بۆنەكانی هاتنی ساڵی نوێ و بونەی ژن و ژنخوازیدا كە هەندێكجار لە سێ ڕۆژەوە بۆ سێ هەفتەی خایاندووە. هەندێک جاری دیكەش، گۆرانییەكان بەهۆی كارەساتێكی دڵتەزێن و خەمناكەوە گوتراون. لەهەر دۆخێكدا بێت گۆرانییە كوردییەكان هەڵگری كۆمەڵێک خەسڵەتی هاوشێوەن لەوانە: گۆرانییە درێژەكان، گۆرانی دراماتیكی و نۆستالجی، گۆرانی سەما ئامێز. بەمشێوەیە ژیانی سادەی خێڵەكی كاریگەرییەكی قووڵی لەسەر ژیانی كەڵتوری و

١ فەرهاد پیربال، ٢٠١٠: لا٩

٢ هەمان سەرچاوە، لا٢٨ .

٣هەمان سەرچاوە-لا ٢٨

موزیکی کوردی هەبووە. گۆرانی شوانکارەکان لەوکاتانەدا کە مەڕوماڵاتەکانییان بەرە و چیاکان تاوداوە و پاشانیش بەرەو پێدەشتەکان گەڕاونەتەوە، گوتروان. هەندێک جاری دیکەش بەهۆی لەدایک بوونی گیانەوەرێکی نوێوە یان بۆنەی دابەشکردنی خوری مەڕوماڵاتەکانییانەوە گۆرانییان چڕیوە. لە هەندێک بۆنەی دیکەدا بەکارهێنانی خوری مەڕوماڵاتەکان لە بواری هونەری ڕستن و چنینی جلو بەرگ و ڕاخەر و پێداویستییەکانی ناوماڵدا بۆتە هەوێنێکی دیکەی موزیک لەم چالاکییانەدا. گومانی تێدا نییە کە ئەم جۆرە گۆرانییانە تا سەردەمی ئەمڕۆشمان پێگە و گرنگی دیاریکراوی خۆیانییان لە نێو موزیکی کوردیدا هەیە. دەکرێت هەندێک نموونەی بەرچاوی ئەو گۆرانیانەی کە وێنای ژیانی سادەی گوندنشینی دەکەن ئاماژە پێبکەین لەوانە: زۆرێک لە گۆرانییەکانی دەنگە ڕەسەنەکانی وەک مەزهەری خالقی و حەسەن زیرەکە. بۆ نموونە کاتێک گوێبیستی گۆرانی (شیرین تەشی دەڕێسێ)ی مەزهەری خالقی دەبین، ناکرێت ئەو شێوە ژیان و چالاکییانەی ژیانی گوندنشینیمان نەیەنەوە بەرچاو.

لە زمانی کوردیدا ووشەی موزیک لەلایەن زاراوەی "ساز"وە گوزارشتی لێکراوە کە ئەم زارەوەیە ڕەگوڕیشەیەکی ئێرانی هەیە کە مانای موزیک و ئامێری موزیکی و لەهەمان کاتیشدا ئامێرێکی موزیکی دیاریکراو دەگەیەنێت. وردتر بڵێین، وشەی ساز مانای ئاواز و میلۆدی دەگەیەنێت. بەهەمانشێوە وشەی تەنبور هەردوو مانای ئاواز و ئامێرێکی موزیکیش دەگەیەنێت. زاراوەی ئامێری تەنبور بۆ ماوەیەکی دورودرێژ جێگەی مشتومرێکی زۆر بووە . محەمەد حەمە باقی لە کتێبە ناوازەکەیدا (مێژووی موزیکی کوردی) لە پەیوەندیدا بە موزیکی کوردییەوە کۆمەڵێک بابەتی گرنگ دەوروژێنێت لەوانە: ڕەگوڕیشەی موزیکی کوردی، موزیکی ئەهلی هەق، زەرتوشت و تێڕوانینەکانی، ئاڤێستا و پەیامی زەرتوشت، گاتاکان و موزیکی کوردی، موزیک و گۆرانی کوردی دوای ئایینی ئیسلام. ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی زانستی و بەنرخە لە پەیوەندیدا بە موزیکی کوردییەوە و هیچ سەرچاوەیەکی دیکە سەبارەت بە موزیکی کوردی هێندەی ئەم کتێبە بە قووڵی بابەتەکان تاووتوێ ناکات. یەکێک لەو بابەتە گرنگانەی کە لەم کتێبەدا زۆرترین بەشی لەخۆگرتووە پەیوەندی نێوان موزیک و ئاینی زەرتوشتییە. ئەگەر چاوێک بە پەیوندی نێوان باوەڕە ئایینییەکان و موزیکدا بخشێنین ئەوە دەبینین کە هیچ یەکێک لەم بیروباوەڕانە لەهەرکوێیەکی ئەم جیهانەدا بن، نکۆڵی لە گرنگی موزیک لە ژیانی کۆمەڵایەتییدا ناکەن. بۆ نموونە زەرتوشتییەکان، یەزیدییەکان و ئەهلی هەق کاریگەری ڕوحی و سۆزدارانەی موزیک و گۆرانییان ئاماژە پێکردووە و بەشێوەیەکی بەرفراوان لە بۆنەکانییاندا بەکارییان هێناوە. ئەوان تێکستە پیرۆزەکانی خۆیان وەک گاتاکان بە ئاواز و میلۆدی و ڕێتمە پڕ جۆشو خرۆشەکانەوە دەخوێننەوە. گاتاکان لە سانسکریتدا بەمانای خوێندنەوە یان گێڕانەوە بە ئاوازەوە دێت. "گاتا بە مانای سرود دێت و لەکاتی ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی ئایینیدا دەخوێندرێ. سروود خوێندنیش، زۆرتر ئەگەر بە شیعر بێت، لەبارترە، وەک لەوەی بە پەخشان بێت، بۆیە گاتاکان کۆنترین گۆرانیگەلێکن کە لە چاخە دێرینەکانەوە بۆمان ماونەتەوە"[1]. یەزیدیەکان بەشێوەیەکی بەرچاو موزیک و گۆرانییان لە بۆنە تایبەتییەکانی خۆیاندا بەکارهێناوە. بۆ نموونە، ساڵی نوێی یەزیدییەکان دەکەوێتە وەرزی بەهارەوە و لە یەکەم چوارشەممەی مانگی چواردایە و لەم بۆنەیەدا هەندێک لاواندنەوە لە لایەن ئافرەتانەوە بە هاوشانی موزیکی قەوالەوە- شاعیر و گۆرانی بێژە پیرۆزەکان- دەگوترێت. یەزیدییەکان لەم بۆنەیەدا زانیاری سەبارەت بە ئایینەکە و ئاوازە پیرۆزەکان، گۆرانی و چیرۆکەکان لە بۆنە و کۆڕو کۆبونەوە تایبەتەکانی یەزیدییەکاندا پێشکەش دەکەن. لەهەمان کاتدا ئامێری شمشاڵ و شەقشەقە (tambourines)

---

[1] محەمەد حەمەباقی، ١٩٩٦: لا ١١٨

و هەندێک ئامێری دیکەی پیرۆز لە بۆنەکانییاندا بەکاردەهێنن. لە زۆربەی دۆخەکاندا چالاکییەکان خەسڵەتێکی شادیبەخشییان لەخۆ دەگرن.

مۆزیکی کوردی دابەش دەبێت بەسەر دوو جۆردا: جۆری یەکەمییان ئەوەیە کە تیایدا ڕیتم ئامادەیی نییە (مۆزیکی بێڕیتم) و ئەوی دیکەیان گۆرانییە. لە جۆری یەکەمییاندا کە پێیدەگوترێت مەقام و مۆزیکیکی بێ ڕیتمییە و شێوازی گوتنی سەرپێیانەیە، ئەم جۆرەیان دەماودەم لە نێو ئەم ترادیشنەدا بۆ نەوەکانی دواتر گوێزراوەتەوە. بەڵام جۆری دووەمییان ئەو میلۆدییە ڕێکخراوانەن کە هەڵگری جۆرێک لە ڕیتمن و پێیان دەگوترێت بەستە و گۆرانی. لە پێش ئایینی ئیسلامدا، کورد لە بۆنە ئایینیەکاندا گۆرانییان بەبێ ئامێرە مۆزیکییەکان بۆ خودای باڵای زەردەشتییەکان دەگووت وەک خودای ئاگر و خۆر و مانگ. لە هەندێک بۆنەی دیکەدا ئەو گۆرانییە ڕۆحانییانەیان دەگووت کە لەگەڵ ئامێرەکاندا بوون و هەندێک جاریش بە چەپڵە هاوشانی دەکران وەک گۆرانی سۆفییەکان لە ڕۆژئاوای ئێران. گۆرانییە کوردییەکان بەسەر چەند جۆرێکدا دابەش دەبن، ئەوانەی تایبەتن بە منداڵان ڕیتم و میلۆدییەکی سادەیان هەیە، ئەوانەی تایبەتن بە بۆنە خۆشەکان و جەنگەکان ڕیتمەکانییان خێرا و بەجۆشن و هەندێکی دیکەیان هێواش و لەسەرخۆن. لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوەش بکەین کە یەکێک لە ئامێرە ڕیتمییە بەکارهاتووەکان لە گۆرانی و مۆزیک کوردیدا دەفە، کە هەندێک پێیان وایە مێژووەکەی بۆ هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە و پێدەچێت بۆ یەکەمجار لە ڕۆژئاوای ئێران بەکارهاتبێت. ئامێری دەف لە سەمای سۆفییەکان و زیکری دەروێشەکاندا یەکێکە لە ئامێرە ڕیتمییە گرنگەکان. لێرەوە دەتوانین ئەوە بڵێین کە ئەو بۆنە تایبەتانە دەکرێت بە پێشینەی مۆزیکی کوردی لەقەڵەم بدەین و ئەمەش دەمانباتەوە بۆ قۆناغی دووەمی بیرۆکەکەی فەرهاد پیرباڵ سەبارەت بە پەیوەندی نێوان مۆزیک و ئایین. لەڕاستییدا ئەم کەڵتە ئایینییانە لەنێو کەڵتوری کوردیدا دەکرێت بە پێکهاتە سەرەتاییەکانی کۆمەڵگای کوردی هەژمار بکەین.

مۆزیک لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە، لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە و لە کەڵتورێکەوە بۆ کەڵتورێکی دیکە جیاوازە. تێگەیشتن لەوەی کە مۆزیکی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان- ئەوانەی کە لە نێو ئەشکەوتەکاندا ژیاون- زۆر جیاوازە لە مۆزیکی کۆمەڵگای مۆدێرن، کارێکی هێندە سەخت نییە. ئەمەش بەو ڕاستییەمان دەگەیەنێت کە مۆزیکی گوندنشینان جیاوازی لەگەڵ مۆزیکی شارنشیناندا هەیە. لەپەیوەندیدا بە تۆپۆگرافی ناوچەکانی کوردستانەوە ئەوە شتێکی سەرنجڕاکێشە کە ڕیتمی مۆزیکی ناوچە شاخاویەکان زۆر جوڵاو و توندە، لە کاتێکدا کە چیاکان جێدەهێڵین و بەرەو پێدەشتەکان دەچین دەبینین کە ئەم خەسڵەتە بەرەو جۆرێک لە هێواش بونەوە و خەمئامێزانە دەچێت. بە نموونە مۆزیکی هەورامان- ئەو ناوچە شاخاوییانەی کە دەکەونە ڕۆژئاوای کرماشان و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی باشورەوە- بە تەواوەتی جیاوازە لە مۆزیکی ناوچەکانی دیکەی کوردستان. نەک تەنها مۆزیکی ئەم ناوچانە بەڵکو شێوەزاری ئاخاوتن و جلوبەرگیشییان جیاوازی بەرچاوی لەگەڵ ناوچەکانی دیکەدا هەیە. کاتێک باس لە (لاوک، لاوژە، حەیران، سیاوچەمانە، هۆرە، چەمەری، بەیت، ئای ئای، قەتار و خاوکەر، خورشیدی، سەفەر، سەحەر) دەکەین سەرتاپا مۆزیک کوردیمان بیردەکەوێتەوە چونکە ئەم ئاوازانە ناسنامەی ڕەسەنی کوردییان هەڵگرتووە و هەریەکەیان خەسڵەتێکی تایبەت بە خۆیان هەیە و لە ناوچە و بۆنەیەکی دیاریکراودا گوتروان. لێرەدا دەکرێت هەندێک نموونە لەو جیاوازییانەی مۆزیک لە پەیوەندیدا بە جیاوزی ناوچە جوگرافییەکانەوە بخەینە بەرچاو:

لاوک و لاوژە جۆرێکن لە مۆزیک کە لە ناوچەکانی کوردستانی باکور و هەندێک ناو چەی باکوری کوردستانی باشور و ناوچە کوردنشینەکانی ئەرمینییادا بەربڵاوە، حەیران لە ناوچەکانی دەوروبەری هەولێر دەگوترێت، سیاوچەمانە لە

هەورامانی تەخت و هەورامانی سەخت بەربڵاوە، هۆرە بەزۆری لە کرماشان و ئیلام لە خوارووی کوردستانی ئێران و ناوچەی شارەزوری کوردستانی باشوردا، هەروەها چەمبەری لە ناوچەی لوڕستان و خوارووی کرماشاندا بوونی هەیە. هەریەک لەم ئاواز و میلۆدییانە خەسڵەتی تایبەتی خۆیان هەیە کە لەوی دیکەیان ناچێت.

بۆ نموونە لە ئایینی زەرتوشتییدا سرودەکان لەگەڵ ئامێری تەنبووردا گوتروان کە ئەم سرودانە تێکستە پیرۆزەکان بوون و بە زمانی کوردی شێوەزاری هەورامی دەگوترێن. ئەم مەقامانە لای یارسانییەکان زۆر پیرۆزن و تەنها لە لایەن کەسانێکی دیاریکراوە وە دەگوترێن کە هەڵگری خەسڵەتی پیرۆزی بن. کاتێک گوێبیستی ئەم جۆرە لە موزیک و گۆرانی دەبین جۆرە هەستێکی تایبەت تیاماندا دەوروژێت، هەستی ڕۆچوون بەناو قوڵاییەکانی ناخماندا، هەستی پێکەوە بوون، هەستی پاکێتی و هەستی نزیک بونەوە لە خودا. هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، موزیک هەڵگری خەسڵە مۆراڵییەکانە و دەکرێت بڵێین ئەم جۆرە موزیکە گوزارشتێکی ڕاستەقینەیە لە کەلتورێک و لەهەمان کاتیشدا خولقێنەری هەستێکی ناوازەیە لای گوێگرانی. گوتنی ئەم مەقامانە لە دەرەوەی بۆنە تایبەتاکاندا ئەوانەی کە باوەڕداری تەواوی ئەهلی هەق نەبن، لای یارسانەکان شتێکی ڕێگە پێدراو نییە. ئەمەش دەمانباتەوە بۆ ئەو لێکدانەوە تیۆلۆجی و فەلسەفییانەی کە جەخت لەوە دەکەنەوە موزیک تەنها ئەو کاسانە دەتوانن بیژەنن کە توانا و لێهاتوویییەکی تەواو و باوەڕێکی قوڵییان هەیە. لە موزیکی یارسانەکاندا هەندێکجار موزیک ڕۆڵێکی بالاتری لە ووشەکان هەیە وهەندێک جاریش بە پێچەوانەوە و لە هەندێک جاری دیکەشدا هەردوکییان هاوشانی یەکدی ڕێدەکەن. لە بۆنەکانی ئەهلی هەقدا ووشە و موزیک لە پاڵ یەکدیدا دانراون، تەنبور و موزیکەکەی درێژکراوەی ووشەکانن. لە نێو باوەڕدارنی ئەهلی هەقدا ئەمە هەمان ئەو پەیوەندییەیە کە لە نێوان خودا و مرۆڤدا بوونی هەیە. لە فەلسەفەی یارساندا خودا و مرۆڤ هەمیشە لە پاڵ یەکدیدان و مرۆڤ لە گەشتەکەیدا بۆ بەرەو بالا بوون و کامڵ بوون هەمیشە وەک ئاوێنەی خودا وایە. لە ئێستادا ئامێری تەنبور لە ناوچە کوردنشینەکاندا ئامێرێکی سەرەکییە لە تاک ژەنیندا و لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ ئامێرەکانی دیکەدا هاوشانی دەکات. لێرەوە دەکرێت بڵێین کە موزیکی عیرفانی لە ناوچە کوردنشینەکاندا بە بێ ئەم ئامێرە هیچ کات مانای تەواوی نییە و کەم وکورتە و هەر ئەمەشە وای کردووە کە ئەم ئامێرە بە پیرۆز دابنێن و لە هەندێک ناوچەدا ئەم ئامێرە بە بێ دەستنوێژ ناژەندرێت و ژەنیارەکانیش کەسە هەڵبژێردراوەکانن بۆ ئەو کارە وخاوەنی ڕێزێکی زۆرن لە نێو جڤاتەکەی خۆیاندا. لە نێو کەڵهوڕ و قەڵخانییەکاندا کە ئەهلی حەق و یارسانییەکانن، ئەم ئامێرەیان بە ئامێری ئایینی و مەزهەبی خۆیان زانیوە و ئەم ئامێرە هەمیشە پاڵپشتی پیاوانی حەقخواز بووە لە ڕێگەی گەیشتنییان بە حەقیقەت.

لە ڕاستییدا موزیک زمانی خەون وهەست و چاوەڕوانییەکانی مرۆڤە و هەموو نەتەوەیەک بە گوێرەی خەسڵەتە کەلتورییەکانی خۆی، جۆرێک لە موزیکی تایبەت بەخۆی هەیە. لێرەوە دەتوانین بڵێین کە ئامێری تەنبور و ئەو موزیکانەی کە بەم ئامێرە دەژەنرێن چیرۆکی مێژووی نەتەوەیەک دەگێڕنەوە. ئەو موزیکە دەوڵەمەندەی کە لە ژێکانی ئامێری تەنبورەوە دێنە دەر هاوشانی ئەو چیرۆکانەی کە لە کاتی گۆرانی گوتنەکاندا پێشکەش دەکرێن ڕۆڵێکی گرنگ لە ڕەگوڕیشەی کەلتوری یارسانمان پێدەڵێن و هەمیشە ناسنامەی کورد وەک نەتەوەیەکی دێرین و پڕ بەهرەی هونەری، پتەو و تۆکمەتر دەکەنەوە. تەنانەت هەندێک جاریش ئەو ووشە کوردییە ڕەسەنانەی نەوەکانی ڕابوردومان کە لەبەر هەڕەشەی لەناوچوون دان، لە ڕێگەی ئەم موزیکەوە سەرلەنوێ زیندو دەکرێنەوە و جارێکی دیکە بۆ نەوەکانی دواتر دەگوێزرێنەوە. بەمشێوەیە لە ڕێگەی موزیکەوە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ڕوحی مرۆڤەکان هەیە، زمان و ئەزموون و مێژووی ئەم نەتەوەیە جارێکی دیکە لە یادئاوەری مرۆڤەکاندا سەرلەنوێ تۆمار

دەبێتەوە. بە مانایەکی دیکە ئەم موزیکە زمان و ترادیشنی نەتەوەیەک کە بۆ چەندین سەدە پارێزراوە، جارێکی دیکە زیندوو دەکاتەوە و پێشکەشی نەوەکانی داهاتووی دەکات.

لەپاڵ ئەو گرنگییەی کە موزیکی یارسان و ئەهلی حەق هەیانە لە هەندێک ناوچەی کوردستاندا، دەکرێت ئاماژە بە هەندێک جۆری دیکەی موزیک لە ناوچەکانی دیکەی کوردستاندا بکەین کە گەر گرنگی ئەوانیش لەم جۆرە موزیکە زیاتر نەبێت، بێگومان کەمتر نییە. موزیکی کوردی پڕیەتی لەو میلۆدییانەی کە وێنای ڕاستەقینە و سادەی ژیانی ئەم نەتەوەیە دەکەن. هەروەک پێشتر لە پۆلێنکردنی فۆرمی موزیکەکان و ناوچەکاندا ئاماژەمان پێکرد، لاوک و حەیران جۆرێکی دیکەیە لەو موزیکە سادە و بێگەردانەی کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ژیانی کوردەوە هەیە. ئەم جۆرە لە موزیک زادە و هەڵقوڵاوی شێوە ژیانێکی تایبەتە، کە ئەویش بەشێوەیەک لە شێوەکان لە ناوچە پێدەشتەکاندا زیاتر بونییان هەیە. لاوک و حەیران بەشێوەیەکی سەرەکی گێڕانەوەی چیرۆکی خۆشەویستیی و هەندێک جاریش وێنای کۆست و کارەساتە دڵتەزێنەکانە. ئەم چیرۆکانە بە دەنگێکی تایبەت دەخوێندرێنەوە و هەموو کەسێک لە گێڕانەوە و گوتنییاندا بە دەنگێکی تایبەت، توانای ئەم نەفەس درێژییەی نییە. هەربۆیە ئەو کەسەی کە حەیران دەڵێت دەبێت توانایەکی ناوازەی لە لەبەرکردنی کۆی چیرۆکەکەدا هەبێت و لەهەمان کاتیشدا زانیاری ئەوەی هەبێت کە چۆن ئەم ووشانەی نێو چیرۆکەکە بەشێوەیەکی دروست لەگەڵ تۆنە جیاوازەکاندا ڕێکبخات. لە ڕووی موزیکییەوە یەکێک لە خەسڵەتە گرنگەکانی لاوک و حەیران بوونی میلۆدییە درێژەکانن کە ڕیتم تیایاندا وونە. ئەم میلۆدییانە بەشێوەیەکی گشتی لەسەر هەندێک لە مەقامە کوردییەکان - وەک مەقامی بەیات و حیجاز- دەگوترێن و چینە دەنگییە بەکارهاتووەکان تیایاندا لە مەودای تێتراکۆردێک (چوار دەنگ)دان و هەندێکی جاری کەمیش یەک دوو تۆنی دیکەی بۆ زیاد دەکرێت. ئەم جۆرە موزیکانە بەشێوەیەکی زارەکی نەک نوسراو، دەماودەم و سنگاو سنگ بۆ نەوەکانی دواتر گوێزراونەتەوە. دەکرێت بڵێین ئەم جۆرە لە موزیک و گۆرانی دەچێتە نێو قۆناغی دووەمی ڕیزبەندیەکەی فەرهاد پیربالەوە لە پەیوەندیدا بە موزیکی کوردییەوە کە ئەویش (موزیک و گۆرانی خۆشەویستییە). حەیرانەکان لە دانیشتنی شەوانەدا لەو کاتانەی کە خەڵکی گوند دوای نانی ئێواران لە ماڵێک کۆدەبونەوە بە مەبەستی بەسەر بردنی کاتێکی پڕ چێژ و مانادار لەگەڵ خزم و دۆست و هاوەڵەکانی خۆیاندا دەگوتران. هەروەک چۆن ژەنیاری ئامێری تەنبور لە نێو یارسانەکاندا پلەو پایەیەکی تایبەتی هەیە، حەیرانبێژەکانیش لەنێو جڤاتەکەی خۆیاندا هەمیشە خەڵکانی ڕێزلێگیراوبوون و ستایش کراون. بەهەمان ئەو شێوەیەی کە هۆرە و سیاوچەمانە وەک زاراوە پێکەوە دێن، ئاوهاش لاوک وحەیران پێکەوە دێن و ئەم چەمکانە لەڕووی بابەت و پێکهاتەو و شێوازی گوتنیانەوە نزیکایەتییان لەگەڵ یەکدیدا هەیە. لە زۆربەی دۆخەکاندا لاوک بە مانای لاواندنەوە بۆ خۆشەویستە لەدەستچووەکانە و گێڕانەوە ئەو چیرۆکەیە کە لە واقیعدا ڕویداوە بەشێوەی پەخشان ئامێز و بە دەنگێکی تایبەت لە لایەن کوڕ و کچەوە دەگێڕدرێتەوە. دەکرێت لێرەدا ئاماژە بە لاوکی غەزال بکەین و تەنها دو کۆپلەی بچوکی لێوەربگرین:

کوڕ دگۆ:

"کچک تۆ غەزالی، غەزالی چیایێ وەرتێ. چاوی غەزالێ ڕەشە میسالا چاوێ قەتێ.
قوڕگێ غەزالێ سپییە میسالا قوڕگێ بەتێ.

کچ دگۆ:

غەزالم، غەزالێ چیایێ بتەوریمە، پایزا کۆچەری لدەشتیمە، هاوینا سەفەرا زۆزانا ژێریمە"[1].

---

[1]محەمەدی مەلا کەریم، ۲۰۰۹: ل.۳۵

ئەو وشانەی کە لە زۆربەی لاوکەکاندا بەکاردەهێنرێن وێنای جوانی و ناوازەیی یار دەکەن بەشێوەیەک کە پلەو پایەیەکی باڵای پێدەبەخشێت. پاک و بێگەردی هەروەک لە ژیانی سادەی خەڵکی کوردا بوونی هەبووە لەو سەردەمەدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە لاوکەکاندا ڕەنگی داوەتەوە. هەر لاوک و حەیرانێک چیرۆکێکی واقیعی لە پشتەوەیە و ئەم چیرۆکانەش لە نێو خەڵکانی بەساڵاچوودا زۆر جار کوت و مت وەک خۆی ماوە و لە بۆنەو دانیشتنەکاندا بۆ ئەوانی دیکەی دەگێڕنەوە. محەمەدی مەلا کەریم لە کتێبێکدا بەناوی (کۆمەڵێک لاوک و حەیران) دوای هەوڵ و ماندوبونێکی زۆر لە زیندانیدا توانیویەتی چیرۆک و بەیتەکانی زۆرێک لە لاوک و حەیرانە ڕەسەنەکان لە زاری کەسانی شارەزاوە جارێکی دیکە بەشێوەیەکی جوان و ڕازاوە بنوسێتەوە و لە فەوتاندن ڕزگارییان بکات. یەکەم جار چیرۆک و سەرگوشتەی بابەتەکە چۆن بووە دەگێڕدرێتەوە، پاشانیش بەیتەکان- واتە ئەو وشانەی کە دەبێت بە دەنگەوە بگوترێن- ڕاستەوخۆ بەدوای ئەودا دێن.

سەبارەت بە حەیرانیش دەکرێت بڵێین مۆرکێکی کوردی ڕەسەنی لەخۆ گرتووە و تەنها لە هەندێک ناوچەی دیاریکراوی کوردستاندا وەک هەولێر و کۆیە و موکریاندا گوتراوە. لەڕوی مێژووی سەرهەڵدانییەوە هەندێک دەڵێن حەیران لە موکریان سەری هەڵداوە و پاشان بەرەو هەولێر هاتووە، بەڵام هەندێکی دیکە بە پێچەوانەوە پێیانوایە لە دەشتی هەولێرەوە بەرەو موکریان دەچێت و زۆرجار سنوورەکە دەبڕێ و دەچێتە لای ماردین و دیاربەکر و لەوێ پێی دەڵێن حەیرانۆک. بەڵام لە زۆربەی حەیرانەکاندا لە پاڵ گێڕانەوەی چیرۆکی خۆشەویستییدا، وێنا و ناوی پێدەشت و ناوچەکانی هەولێر و مەخمور هەندێک شوێنی دیکەی باشوری کوردستان دەهێنرێت. حەیران بە مانای بەقوربان بوون یان بە فیدابوون دێت هەوەک زۆرجار دەگوترێت هەی بە حەیرانت بم، بەمانای بە قوربانت بم و لە هەندێک ناوچەی دیکەدا حەیران بەمانای یار دێت. لە ڕووی موزیکەوە زۆربەی حەیرانەکان لەسەر مەقامی بەیاتن و لە تونی دووەمی مەقامەکەوە دەستپێدەکەن و تا تۆنی چوارەمی مەقامەکە دەچن و هەندێک جاریش دەگەنە تۆنی پێنجەم و پاشانیش دەگەڕێنەوە بۆ تۆنیکی مەقامەکە واتە ئەو پەیژەیەی کە مەقامەکەی لەسەر بونیات نراوە. بە نموونە ئەگەر حەیرانەکە لەسەر مەقامی بەیاتی "لا" بێت لە تۆنی دووەمەوە کە (سی کار)ە دەستپێدەکات دەکات و بەرەوسەر دەچێت تا دەگاتە تۆنی چوارەم کە (ڕێ) دەکات و هەندێک جاریش دەگاتە تۆنی پێنجەم کە تۆنی (می)یە و پاشان دەگەڕێتەوە بۆ تۆنیکی مەقامەکە کە تۆنی (لا) یە.

نموونەی حەیرانێک/

حەیران.. لەبۆم بڵێنە (زوورهرزراوێ) خۆمان دەبا لەگەڵ یار بێ، سەرێ
خۆم لە بۆ نەوی بکا دەشتی (کەندیناوێ) ڕەنگینم بە حام لێ دیاربێ.
ئەنگۆ نازانن حەزلە یەککردنی کوڕ و کیژان گەلەک خۆشە، ئەوەڵ مانگی
بواری،لە دەشتی کاولە قەراجی، لەناو چیغ ورەشماڵی، لە تازە هەواری،
دایکە پێناو بی، حەیران منداڵ بی.

لە خستنەڕووی چەند زانیارییەکی کورت لەسەر ئاواز و میلۆدی و گۆرانی کوردی ڕەسەندا بۆمان دەردەکەوێت کە موزیکی کوردی لێوان لێوە لە میلۆدییە ناوازەکان، ئەو میلۆدییانەی کە دەکرێت هەوێنی سەدان پارچە موزیکی مانادار و دەوڵەمەند بن. لە نێو کۆی موزیکە ڕەسەنەکاندا دەکرێت ئەوە بەدیبکەین کە کۆمەڵێک پرەنسیپی دیاریکراو بۆ جێبەجێکردنی ئەم جۆرە مویکانە لەبەرچاو گیراون. بە نمونە لەڕووی مۆڕاڵییەوە موزیکی کوردی لە هەندێک

دۆخدا وێنای پاک و بێگەردی موزیک ژەن و گۆرانی بێژی کردووە و لەهەمان کاتیشدا نیشاندانی لێهاتوویی و زیرەکی گرووپێکە کە لە دوای ئەزموونێکی زۆرەوە واتە هەر لە سەرەتای ژیانی منداڵییەوە پەروەردە کراون بۆ ئەوەی ئەو پەیامە گەردونییە بگەیەنن کە نزیک بوونەوەی مرۆڤە لە پیرۆزی هەروەک لە موزیکی یارساندا بوونی هەیە. ئەم موزیکە دەچێتە نێو چوارچێوەی موزیکی عیرفانییەوە کە لەڕووی مۆڕاڵییەوە هەمیشە مرۆڤ بە ئاگا دەهێنێتەوە و بەرەو دۆخێکی دیکەی دەبات. لە ڕوی مۆڕاڵییەوە گوێگرتن لەم جۆرە موزیکانە دەبێتە هۆی پتەوکردنی هێزی عەقڵی، باوەڕبوون بە شتە جوانەکان و چێژ بینین لە پاکی و بێگەردی.

دەکرێت هەندێک شتی کەمیش بێت لەسەر موزیک و گۆرانی نوێی کوردی بڵێین کە لە ئێستادا سەرتاپای میدیاکان بە گۆرانییە جۆراو جۆرەکان تەنراون و ڕۆژانە خەڵک گوێبیستییان دەبێت. هونەری موزیکی کوردی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بەها ئیستاتیکی و مۆڕاڵییەکانی لەدەستداوە. بەو مانایەی کاتێک هەریەکێک لە ئێمە گوێی لە گۆرانییەکی کوردی نوێ دەبێت، لەڕووی مۆڕاڵییەوە هەست بە شێواندن دەکەین نەک بونیاتنانی کەسایەتیمان؛ هەست بە تێکشکاندن دەکەین نەک دروست بوون؛ هەست بە وون بوون دەکەین نەک گەیشتن بە جێگەیەک؛ دواجار هەست بەوە دەکەین درۆ لەگەڵ هەستەکانماندا دەکرێت. هۆکاری سەرەکی بۆ ئەمەش بە پلەی یەکەم وون بوونی لایەنە ڕەسەنەکان کە دەکرێت لە هەر موزیکێکدا هەبن. بە مانایەکی دیکە موزیکی کوردی خەریکە ناسنامەی سەرەکی خۆی لەدەست دەدات و هەموو ئەو پێکهاتانەی کە دەبێت لە موزیک و گۆرانییەکی ڕەسەندا هەبن بەرە و لەناوچوون دەچن و ئەوەی کە گوێمان لێدەبێت لە مۆرکە کوردییە ڕەسەنەکە ڕووتکراوەتەوە. بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێت لە ڕوی ئیستاتیکییەوە هەڵسەنگاندن بۆ گۆرانییەک بکەین دەبێت لانیکەم چەند پێودانگێکی سەرەکی لەبەرچاو بگرین، ئەوانیش دەکرێت لەم سێ خاڵەدا چڕیان بکەینەوە: بەهەند وەرگرتنی دەنگی گۆرانی بێژەکە - ئەو تێکستەی بۆ گۆرانییەکە هەڵبژێردراوە - موزیکی گۆرانییەکەیە. لێرەدا دەتوانین لەسەر هەریەکێک لەم سێ خاڵە جەوهەرییە بەشێوەیەکی ڕونتر بدوێین. لە پەیوەندیدا بە خاڵی یەکەمەوە، ئەو کەسەی گۆرانی دەڵێت دەبێت لانیکەم شارەزایی لە پەیژە موزیکییەکاندا (مەقامەکان) هەبێت و کەمتازۆرێک مەقامە جۆراوجۆرەکان لەیەکدی جیابکاتەوە. دەبێت ئاستی چینی دەنگی خۆی بناسێت و بزانێت لە کام میانەی دەنگیدا بەدوور لە هەر شێواندنێکی دەنگەکان، باشترین تۆنەکانی خۆی بچڕێت و لە ڕاستییدا گۆرانیبێژ دوای ڕاهێنانێکی زۆر بەم ئاستە دەگات. دەبێت شارەزایی لەهەردوو بواری ماقام و بەستەدا هەبێت، واتە ئاوازە بێڕیتم و ڕێتمدارەکان، بەمانایەکی دیکە توانای جیاکردنەوەی مەقامە جۆراوجۆرەکانی هەبێت و بزانێت کە هەر مەقامە لەکاتی گوتندا جۆرێک لە هەستی تایبەتی لەخۆ دەگرێت. ئەمەش دەمانباتەوە بۆ تێڕوانینەکانی ئەفلاتوون و کۆنفۆشیۆش کە لەسەر پەیژە موزیکییەکان هەیانە. هەروەها دەبێت گۆرانیبێژ توانای خۆگونجاندنی تەواوی لەگەڵ موزیک و ئامێرە موزیکییەکاندا هەبێت و بتوانێت بەشێوەیەک ڕۆبچێتە نێو قوڵایی هەستەکانییەوە کە گوێگر والێبکات کە کە خودی گۆرانی بێژەکەو گۆرانییەکە وەک درێژکراوەی یەک شت ببینێت. سەبارەت بە خاڵی دووەم هەڵبژاردنی تێکستی گۆرانییەکەیە؛ هەر هۆنراوەیەک هەڵگری جۆرێک لە کێشی عەروزییە و ئەم کێشەش جۆرێک لە ڕیتم دەخوازێت. گونجاندنی ئەم کێشەی کە لە هۆنراوەکەدا بوونی هەیە لەگەڵ شێوازی گوتنی گۆرانییەکەدا بەرگێکی گونجاو و لەبار بە بەر گۆرانییەکەدا دەکات. لەهەمان کاتدا مانای تێکستەکە و ئەو وێنانەی کە گوزارشتییان لێدەکات دەبێت لەگەڵ هەڵچون و داچوونە هەستییەکاندا بگونجێن و دەبێت گۆرانیبێژ بتوانێت بە دروستی ئەم دوانە پێکەوە گرێبدات. سەبارەت بە خاڵی سێیەم کە موزیکی گۆرانییەکەیە؛ ئایا ئەو موزیکەی بەکارهێنراوە بەشێوەیەکی دروست لەگەڵ تۆنەکانی دەنگی

گۆرانیبێژەکەدا دەگونجێت؟ لەهەمان کاتدا بەکارهێنانی ئامێرە موزیکییەکان ڕۆڵێکی بەرچاو لە جوانکاری کۆی گۆرانییەکەدا دەگێڕن. ئەو گۆرانییانەی موزیکەکانیان جوان و دەوڵەمەندن بە بەردەوامی لە یادئاوەری گوێگردا دەمێننەوە. نموونەیەک لەو گۆرانییانەی کە نەمرە و هیچ کەسێک نییە ئارەزووی گوێبیستی نەبێت، گۆرانی پەپولەی ئازادی مەزهەری خالقییە و تێکستەکەی لە لایەن عوسمانی ئەحمەدیەوە نوسراوە و ئاواز دانەرەکەش حەسەنی یوسف زەمانییە، دەکرێت بڵێین ئەم گۆرانییە هەڵگری ئەو سێ خەسڵەتانەن کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردن. لە زۆربەی گۆرانییە باوەکانی ئەم دە ساڵەی ڕابوردوودا جگە لە هەندێکی کەمییان نەبێت، شێواندنی کەلتوری کوردی بەشێوەیەکی بەرچاو دیارە و ڕەسەنایەتی موزیکی ئەم نەتەوەیە بە تەواوەتی لەم گۆرانییانەدا پشتگوێخراوە. لەم گۆرانییە نوێیانەدا ئەوەی کە بەرچاوە تەنها وێنەکانە و گۆێگر تەنها چاوی وەک هەستەوەرێکی زیندوو کاردەکات و هەستەوەرەکانی دیکە گرنگی ئەوتۆیان نییە، لەبەرئەوەی کلێپی گۆرانییەکان وا لە گوێگر دەکەن کە دەنگی گۆرانیبێژ و تێکست و مویکەکەی لە یاد نەبێت بەڵکو تەنها ئەوە وێنەکانن کە سەرنجی گوێگر ڕادەکێشن. لە کاتێکدا موزیک و گۆرانی بە پلەی یەکەم دەبێت لەگەڵ هەستی بیستندا (گوێکانمان) کە بەهێزترین هەستەوەرەنمانن دەرگیر بن نە هەستی بینین. خەسڵەتێکی گۆرانی نوێی کوردی ئەوەیە کە ئەم جۆرە گۆرانییانە لەبەرئەوەی لە قوڵایی دڵی ئەم نەتەوەیەوە هەڵنەقوڵاون، زۆر بە زووی بەرچاو دەکەون و دوای چەند جارێک لە گۆێگرتن گوێگر لێیان بێزار دەبێت. هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگرێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم گۆرانییانە گێڕانەوەی چیرۆکە ڕاستەقینەکانی ئەم کەلتور و نەتەوەیە نین وەک ئەوانەی لە موزیکە ڕەسەنەکاندا بونییان هەیە و لەهەمان کاتیشدا دەکرێت بڵێین کە کۆی ئەم گۆرانییانە تەنها گوزارشت لە هەڵچونێکی ڕاگوزەر دەکەن کە بەتەوابوونی گۆرانییەکە ئەمانیش لەناو دەچن و جێگەیەکییان لە هەستەوەرەکانی گۆێگردا نامێنێتەوە.

**دەرئەنجام/**

دوای خستنەڕووی چەند تێڕوانینێکی فەلسەفی و سۆسیۆلۆجی و سایکۆلۆجی گرنگ سەبارەت بە موزیک و گرنگی موزیک لە ژیانی تاکەکەندا و لەهەمان کاتدا پەیامی مۆراڵی موزیک لە نێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتییدا، ئەوە ڕوون بۆوە کە مرۆڤایەتی هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە نەیتوانییوە بە بێ موزیک هەڵبکات. گرنگی ئەم هونەرە ناوازەیەشە کە وای لە بیرمەندان و فەیلەسوفەکان کردووە کە هەڵویستەی تایبەتی لەسەر بکەن. ئەوەی کە لەنێو کۆی تێڕوانینی ئەم بیرمەندانەدا هاوبەشە ئەوەیە کە موزیک یەکێکە لە باڵاترین هونەرەکان و موزیک ڕۆڵی کارای هەیە لە بەرزکردنەوەی ئاستی ڕوحی و ئەخلاقی تاکەکانی کۆمەڵگادا. خاڵێکی دیکەی گرنگ لە هزری ئەم بیرمەندانەدا جیاکردنەوەی موزیکی باش لە موزکی خراپە. هەروەک چۆن جوان و ناشرین، تاڵ و شیرین، شەو و ڕۆژ و...هتد لە نێو سروشتدا هەن ئاوهاش موزیکی باش و خراپ لەوێ بونییان هەیە. ئەم لێکدانەوەیە جۆرێک لە توندی پێوە دیارە و جێمەبەستی هەندێک لە بیرمەندانی پۆست مۆدێرن نییە چونکە لای هەندێکییان هەموو جۆرە موزیکێک دەکرێت باش بێت و لای ئەمان موزیک هەڵگری هیچ بەهایەکی ئەخلاقی نییە. لەهەر کۆمەڵگایەکدا جۆرە موزیکێک بوونی هەیە و ئەم موزیکەش زادەی هەلومەرجی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئایینی، ئابوری، کەلتوری، سایکۆلۆجی و ...هتد ئەم کۆمەڵگایانەن. گومانی تێدا نییە ئەم هەلومەرجانە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەو خۆ کاریگەری لەسەر پێکهاتە و فۆرمی موزیکەکە دەبێت. گومانی تێدا نییە ئاینەکان لە هەندێک دۆخدا نەبێت، ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە دەوڵەمەندکردنی هونەر بەگشتی و هونەری موزیک بەشێوەیەکی تایبەتتر. لەبەرئەوەی هیچ کۆمەڵگایەک نادۆزینەوە

که بێ ئایین و هونەر بێت، هەر لەبەر ئەم هۆیەش موزیک و ئایینەکان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە یەکدیەوە هەیە و هەر یەکەیان کاریگەری لەسەر ئەوی دیکەیان هەیە. لەبەر ئەوەی موزیک هەڵگری کۆمەڵێک خەسڵەتی یونیڤێرساڵییە، هەروەک موزیکی گەلانی دیکەی جیهان موزیکی کوردیش هەڵگری ئەم خەسڵەتانەیە. موزیکی کوردی دەکرێت هیچی لە موزیکی دونیای ڕۆژئاوا کەمتر نەبێت و بگرە دەتوانین بڵێین ئەم موزیکە لێوانلێوە لە میلۆدییە ناوازە و ڕەسەنەکان ئەو میلۆدییانەی کە ڕوحی تاکی کورد باڵا پێدەکەن و دەبنە هۆکارێک بۆ دەرباز بوون لەو تەنگژانەی کە ڕۆژانە یەخەی پێگرتوون. لێرەدا من هەوڵم نەداوە شیکاری نۆتەی موزیکەکان بکەم چونکە ئەم کارە نوسینێکی تایبەتی دەوێت و بەو هیوایەی لە داهاتوودا ئەم کارە بکەم.

سەرچاوە ئینگلیزییەکان/


1. Adorno, Theodore W. Essays on Music. London: University of California Press, 2002.

2. Aristotle, Oliver Strunk and Leo Treitler Ed. “Politics” Source Readings in Music History. Cambridge: Harvard University Press, 1959.

3. Beekman Canoon, William Waite, and Alvin Johnson. The Art of Music. New York: Thomas Y. Crowell Co, 1960.

4. Berendt, Joachim Ernst. Nada Brahma, The World is Sound. Rochester, VT: Destiny, 1987.

5. Blair, Lawrence. Rhythms of Vision. New York: Schocken Books,1976.

6. Bowman, Wayne D. Philosophical Perspectives on Music. New York: Oxford,1998.

7. David Tame: The Secret Power of Music. Northampton shire, England: Turnstone Press, Ltd , 1984.

8. Eaton, David. Music as a Moral and Ethical Force in Society. Conference in Washington DC, 2002 and edited in 2012.

9. Farmer, Henry Joerge, Ed. by Egon Wellesz. The Oxford History of Music. London: Oxford University Press, 1957.

10.Govinda, Lama Anagorika. Foundation of Tibetan Mysticism. New York: Weiser Books, 1969.

11. Jeremy Begbie. Resounding Truth: Christian Wisdom in the World of Music. Grand Rapids: Baker Academic, 2007.

12. Leonard George. The Silent Pulse. USA: Gibbs Smith, Salt Lake City, 2006.

13. Machlis Joseph, The Enjoyment of Music: W. W Norton & Company. INC. New York. 1963. P.5''.

14. McClellan, Randal. The Healing forces of Music, History Theory and Practice. Dorset: Rockport, MA: Element Inc, Long mead Shaftesbury, 1991.

15. Plato, Ed. Oliver Strunk and Leo Treitler. “The Republic” Source Readings in Music History. Cambridge: Harvard University Press, 1966.

16. Reck, David. Music of the Whole Earth. N.York : Scribner's &Sons: 1977,P. 71

17. Schneider, Marius,. "Primitive Music" in the Oxford History of Music, Vol.1, ed. By Egon wellesz. London: Oxford University Press, 1957.

18. Stravinsky, Igor. Poetics of Music in the Form of Six Lessons. New York: Vintage Press, 1947.

19. Tanner, Germy. The Sociology of Art. London: Routledge , 2003.

20. Von Lange, Anny. Man, Music, and the Cosmos. Sussex: Rudolf Steiner Press, 1992.


**سەرچاوە کوردییەکان/**


١. محەمەد حەمەباقی، مێژووی موزیکی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر،١٩٩٦

٢. محەمەدی مەلا کەریم، کۆمەڵێک لاوک و حەیران، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩
٣. تۆمابوا، ژیانی کوردەواری، گۆڕینی لە عەرەبییەوە حەمەسەعید حەمە کەریم، سلێمانی،١٩٨٠
٤. عەلی ئەسغەر نەسرۆڵلا پور، ئامێری موزیکی کوردی، چاپخانەی ئاراس- هەولێر، ٢٠٠٧
٥. فەرهاد پیرباڵ، مێژووی گۆرانی و موزیکی کوردی، هەولێر، چاپخانەی ئاراس، ٢٠١٠

**سەرچاوەکانی ئینتەرنێت/**

1. https://www.youtube.com/watch?v=FcYSwUmM9XM (Leonard Bernstein)

2. https://www.youtube.com/watch?v=rQCE4DofORw (Antony Seeger)

3. https://www.youtube.com/watch?v=InV2vogeiec (Oldest musical Inst)

6. Blake, Arnold. Music of India. London: Oxford University Press, 1957. (P198)

7. Bower, Calvin M. "Boethius's 'The Principles of Music' An Introduction. Translation, and Commentary." Ph.D. diss. George Peabody College for Teachers, 1966.

16. Perbal, Farhad.The History of Kurdish song and music, critical reading . Arbil, Iraq Aras Press, 2010.

19. Stanley Sadie, Ed. New Grove Dictionary of Music and Musicians. London: Macmillan Publisher Limited, 1980. (P 844-845)

23. Tarnas, Richard. The Passion of the Western Mind: Understanding the Ideas that Have Shaped our World View. New York: Ballantine, 1991.